مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# مافی چارەیخۆنووسین لە ئەزمونی سەربەخۆیی وڵاتی کۆسۆڤۆ

## شرۆڤەیەک بۆ ڕەهەندی یاسایی و سیاسی

The right to self-determination in the experience of Kosovo's independence

Analytical study of the legal and political dimension

**مامۆستا دکتۆر سەردار موسا شەریف**
بەشی زانستی سیاسەتی گشتی / زانکۆی دهۆک
serdar@uod.ac

**معلومات البحث**

**تاريخ البحث:**
الاستلام: ٢٠١٨/١/١٥
القبول: ٢٠١٨/٢/١٣
النشر: **شتاء** ٢٠١٨

**Doi:**
**10.25212/lfu.qzj.3.1.03**

**الكلمات المفتاحية:**
The right to self-determination, the right to secession, Kosovo, Bandit, the decisions of the International Tribunal

**پوختە**

پرسی سەربەخوی کەمەنەتەوەکان و نەتەوەکانی کە کیانی سەربەخوی یان نییە بابەتێکی گەرم و گوری سیاسی و یاسایی سەدەی رابوردو و دەستپێکی سەدەی بیست و یەکە . لە ژێر کاریگەری گورانکاری یەکانی جیهانی و دروسبونی پشتگیری دامەزراوەکانی کومەلگای ن ێودەوڵەتی هەتا رادەیەك بوار هاتوتە رەخساندن کە ئەم نەتەوانە هەولی دەستەبەرکردنی سەربەخوی نەتەوەی بدەن، بەلام بابەتێکی وەها بێ کێشە و ئاستەنگ نییە . پرسی سەربەخوی کوسوڤو یەکێکە لە پرسە گەرموگورەکانی تیوری یەکانی سیاسی و یاسایی نێودەوڵەتی . لە دوای کوتای هاتن بە سیستەمی جیهانی و شەری سارد و هەلوەشاندنەوەی بلوکی کومونیستی و بە تایبەتی هەلوەشاندنەوەی یەکێتی سوڤیەت، دەرفەت بو نەتەوەکانی دیکەش هاتە رەخساندن کە سەرببەخوی خویان بە دەست بێنن، بەلام گەیشتن بە سەربەخوی بو هەمویان ئاسان و بێ خوێنرشتن و گەیشتن بە تەوافوقی سیاسی نەبو . پرسی سەربەخوی کوسڤو بە هوی پێگەی یاسایی لە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستوری یوگوسلاڤیایی فدرالی سالی 1974 کە ئوتونومی بو کوسوڤوی دەستەبەر کرد و هەروەها هەلوەشانەوەی کوماری ناوبراو لە سالەکانی 1990، و دەرکەوتنی شەرێکی خوێناوی لە ناو پێکهاتە جیاوازەکانی کوماری فدرالی یوسگوسلوڤیا و لەوانە کوسوڤوی یەکان لە گەل کوماری سربیا بووە هوی دەستوەردانی نێو نەتەوەی و لە کوتایش بەرێوەبردنی کوسوڤو لە ژێر بەرێوبەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان . هەمو ئەمانە و کومەلێك ئەکتەر و دامەزراوەی جیاواز فاکتەری سەرەکی بون لە رێگەخوشکردن بو ئەوەی کوسوڤو لە روی یاسایی نێودەوڵەتی یەوە شەرعی یەتی سەربەخوی بە پشتبەستن بە بریارەکانی دادگای نێودەوڵەتی بەدەست بێنێت . بەلام لە روی سیاسی و یاسایی یەوە ئەم کێشەیە هەتا ئێستا چارەسەر نەبوتەوە، چونکە دەولەتی دایك، کوماری سربیا، ئامادە نییە تەنازول لە مافە یاسایی و شەرعی سەروەری خاکی خوی بیکات وەکو دەوڵەتێکی ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکان.

1. دەروازە

ئەوەی پەیوەندی بە دروستبونی " کیانی نەتەوە " یەوە هەیە و کولگەکانی نەتەوەیەك دروستدەکەن بریتین لە یەکەم : مێژو، دویەم: کولتور و سێیەم: جوخرافی یانیش نیشتیمان، کە هەرسێ فاکتەری ئاماژەپێکراو هەم بو کورد و و هەمیش بو کوسوڤو لە بەر دەستن لە پێناو پێناسەکردنی یان وەکو نەتەوە بە لە بەرچاوگرتنی ئەم ئەم راستی یە کە رەنگە لە بواری سیاسی، کومەلناسی و ئەنتروپولوژی پێناسەکردنی نەتەوە بوچونەکان جیاوازبن . شەری چالدران لە ناو بەینی هەردو ئیمپراتوریەتی سەفەی و وئوسامنی بە یەکەم دابەشکردنی کورد وەکو نەتەوە و جوخرافیا دێتە هەژمارکردن، و دەرکەوتەی رێککەوتننامی سایکس- پیکوی سالی 1916 و دووا بە دوای ئەوە پەیماننامەی لوزن، سێڤەر و رێککەوتنی بریتانیا و تورکیا کوردستانی دابەش کرد بە سەر دەوڵەتانی عێراق، ئێران، تورکیا و سوریا و یەکێتی سوڤییێتی پێشو .[1] دروستبونی دەوڵەتی نوێ بێجگە لەوە ی گرێدراوی کومەلێك جارنامەی پەسەند کراو لە لالەین نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هەیە، پەیوەندی یەکی چر و پریسشی هەیە بە سیاسەتی جیهانی، واتە رێککەوتنی سیاسی لە ناو بەینی دەولەتە زلهێزەکان و دەوڵەتە هەرێمایەتی یەکان . بە ئاماژە پێکردن بە کومەلێك رێککەوتننامە [2] کە لە خوارەوە ئاماژە پێکراوە کاریگەری گەورەیان لە سەر دیارکردنی چارەنوسی نەتەوەکان و

---

[1] ئاکرەیی، محەممەد سالح (2007)، کورد و دەوڵەتی سەربەخۆ، بە پێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان. دەزگای توژینەوە و بلاکراوەی موکریانی، هەولێر- هەرێمی کوردستان. ل. 5

[2] The Peace of Westphalia (1648),

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیارکردنی سنورە تازەکان کرد. وەکو دەرئەنجام کیانی نویێ خاوەن سەرەوەی ( دەولەت) لە ناو جوخرافی یایەکی دیارکراو و دەستنیشانکراو دروستبون . دەرئەنجامی ئەم دابەشکردنەش بووە هوکاری بێ مافکردنی کومەلێك نەتەوە لە بون بە خاوەنی دەولەتی نەتەوەی سەربەخوی خویان بو نمونە نەتەوەی کورد کە مافێکی وەها پێرەوابینرابو لە رێککەوتننامەی لوزان بریاردرابو لە ژێر چاودێری نێو نەتەوەی و دەوڵەتانی بەرپرسیارهەلگر گشتپرسی یەك بێتە رێکخستن بو دیارك ردنی چارەنوس و پێگەی گەلی کوردستان کە بەشێك بون لە هاولاتی یانی سنوری دەوڵەتداری ئیمپراتوریەتی عوسمانی، بەلام بە هوی شەری رزگاریخوازی تورکیا کە بووە هوکاری دارشتنی رێککەوتنامەی سێڤەر 1923، بریاری گشتپرسی و مافداری کوردستان هەلوەشێندرا.

هەروەها دروستبونی ك ومەلێك رێکخراوی نێونەتەوەی بە ناوی عصبة الامم بەرواری 1920/1/10 بەرهەمی رێککەوتنی کونفرانسی پاریس بو، کە دوو ئەرکی سەرەکی گرینگی هەبو ئەویش " ئاسایشی هاوبەش " و" چەك کردن " لەپێناو وەدێهنێنانی ئاشتی درێژخایەن. ئەم رێکخراوە 26 سال بو و لە بەرواری 1946/4/20 رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو دەرئەنجامی شەری جیهانی دویەم هاتە دامەزراندن.[3] لە دوای شەری جیهانی دویەم و دەستپێکردنی شەری سارد لە ناو بەینی ئەمریکا و روسیا بووە هوکاری دابەشکردنی سنوری جوخرافی جیهانی و ئوروپا وەکو ناوچەی نفوزی سیاسی و ئابوری لە ناو بەینی ئەم دو زلهێزە. ئەوە بو روسیا بە هوی بەشداریکردنی لەشکەری سوری روسیا لە ئازادکردنی ناوچەی روژهەلاتی ئوروپا لە شەری دژی نازیسم، دەستیکردن بە جێگیرکردنی کومەلێك حکومەتی کومونیستی سەر بە روسیا، و ئەمریکا و بریتانیاش باشە لەوە تێگەیشتن کە روسیا دەیەوێت شوێن پێی خوی لەم ناوچەیە بەهێز بیکات، کە هەتا سالی 1989 ئەم شەری ساردە بەردەوام بو و بە هوی نارەزایەتی خەلك سیستەمی کومونسیتی لەم ناوچەیە هەلوەشێنرا بە تایبەتی لە ولاَتانی پولونیا، ئەلمانیا روژئاڤا، هونگاری یا و لێکجیابونەوەی ئاشتی یانەی کوماری چێکوسلوڤاك یا بو سەر دو دەوڵەتی چیك و سلوڤاك، نەخشەی سیاسی و جوخرافی ئوروپا بە تەواوی توشی گورانکاری گەورە بو. لە لایەیکی دیکەوە لە 1991 یەکێتی سوڤیەت هاتە هەلوەشاندن و 15

---

وەکو دەرئەنجامی کوتای هێنان بە شەری 30 سالە دێتە دیتن و لە زور لایەوە بێ وێنە بو، بە تایبەتی وەکو یەکەمین کونفرانسی پان- ئەوروپی یانیش نەتەوەی ئەوروپی دەهاتە هەژماردن و هەولێکی جدیش درا کە کومەلێك کێشەی ناکوکی لە سەر چارەسەر بیکات لە پێناو ئاشتی یەکی درێژخایەن،

Paris Peace Conference (1856),

کە کوتای بە کێشەی دورگەی کریمای هێنە لە ناوبەینی ئیمپراتوریەتی روسیا، و هاوپەیمانەکان وەکوی ئیمپراتوریەتی عوسمانی، ئیمپراتوری ەتی بریتانیا، ئیمپراتوریەتی دویەمی فرانسا و پاشایەتی ساردینا و ئەم کونفرانسە کاریگەری یەکجار گەورەی لە سەر داهاتوی ئیمپراتتوریەتی عوسمانی هەبو.

The Paris Peace Conference (Versailles Peace Conference, 1919):

(کونفرانسی ئاشتی پاریس ناسراو بە کونفرانسی ئاشتی ڤەر سای، کومبونەوەیەکی ئاشتی بو لەناو بەینی هێزە یەکگرتووەکان ( فرانسا، ئیمپراتوری بریتانیا و ئیمپراتوری روسیا ) هاوتەریب لە گەل شەری یەکەمی جیهانی لە پێناو دارشتنەوەی کومەلێك مەرج بو دەستەربەرکردنی ئاشتی و سەپاندنی بە سەر هێزە ناوەندی یەکان ( ئەلمانیا، ئیمپراتوریەتی عوسمانی، ئەنمسا-هونگاریا و بولگاریا).

The Treaty of Sèvres (1920),

رێککەوتنی دوای شەری یەکەمی جیهان لە ناو بەینی هێزە سەرکەوتووەکان (Allied powers) و نیونەرانی ئیمپراتوریەتی عوسمانی، کە ئیمپراتوریەتی عوسمانی هەلوەشاندەوە و مەجبوری کرد کە تەنازول لە هەمو مافەکانی بیکات لە ناوچەی باکوری ئەفریقا و روژهەلاتی ناوین . هەروەها رێککەوتننامەکە دانە دەوڵەتێکی سەربەخوی ئەرمەنی و ناوچەیەکی ئوتونومی کوردستانی، و رێگەپێیدان بە هەبونی یونان لە ناوچەی روژئاڤای Thraceو هەروەها ناوچەی روژئاڤای دەریاچەی ئەناتولیا، هەروەها کونترولی ناوچەی دەریاچەی " ئێجە " لە لایەن یونان و بەرێوبەردنی Dardanelles.

The Treaty of Lausanne (1923):

(پەیماننامەی لوزان، پەیماننامەی ئاتی لە 1923/7/24ێ ڤاژو کا، و کوتای بە ناکوکی یەکانی ناو بەینی ئیمپراتوریەتی عوسمانی و هێزە هاوپەیمانەکان پێکهاتو لە کوماری فرانسا، ئیمپراتوری یەتی بریتانیا، پادشای ئیتالیا، پادشایی ژاپون، پاددشای یونان، پاشای رومانیا لە دوای شەری جیهانی یەکەم.)

[3] The Covenant of the League of Nations.[ Online] http://avalon.law.yale.edu/20th_century/leagcov.asp. [Accessed Oct., 10, 2017].

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەتەوەی سەربەخو کە بەشێك بون لە یەکێتی سوڤییێت لە چوارچێوەی دەوڵەتی سەربەخو هاتنە راگەیاندن (Cold War History)[4].

پەیوەندیدار بە بابەتی سەرەوە، دەولەتی فدرالی یوگوسلاڤیا کە لە دوی 1929 هاتبو دامەزراندن، یەکەم جار لە 1991/6/25 هەلوەشێندرا بە جیابونەوەی سلوڤاکیا و کرواتیا و لە دوای ئەوەش مەکەدونیا ولە 1992 جیابونەوەی خوی راگەیاندن. کاتێك کوماری موسلمانی بوسنیا و کرواتی] جیابونەوەی خویان راگەیاند، شەرێکی ناوخوی خوێناوی سەریهەلدا. لە سالی 1998 بە هوی گوشارەکانی کوسوڤوی یەکان، شەرێکی دژوار دروست بو. بە هوی دروستبونی شەرێکی خوێناوی و تەپەسەرکردنی کوسوڤو موسلمانەکان و دەستوەردانی کومەلگای نێو دەوڵەتی لەم شەر لە پێناو دوزینەوەی رێگە چارەسەری، هێزەکانی سەر بە ناتو هێرشی یان کردە سەر سربیا و لە ژێر چەتری نەتەوە یەکگرتووەکانیش هێز رەوانەی کوسوڤو کرا. سەربەخوی دوای راگەیندنی بریاری یەکلایەنەی لە لایەن کوسوڤووە، هەر زو ئەمریکا لە 18 /2008/2 دانی پێدانا، و ئەمەش بێ وەلام نەبو، بە تایبەتی کە روسیا و هاوتاکانی دژی بریارێکی وەها راوەستان. ئەمەش پرسیارێك دەوروژێنێت هەم لە روی سیاسی و هەمیش لە روی یاسایی نێودەوڵەتی، کە دانپێنانی دادگای نێودەولەتی بەو راستی یە کە بریاری یەکلالایەنەی سەربەخوی دژی بنەماکانی یاسایی نێودەولەتی نییە، و لە روی سیاسی یەوە پرسی سەربەخوی کوسوڤو لە گەل کومەلێك دەوڵەت تاوتوکراوە و بو ئەم بابەتەش " تەنسیق" و " پشتگیری" کوکراوتەوە لە لایەن بەشێکی دیارکراوی کومەلگای نێودەوڵەتی (P. Joseph, E. 2013).[5]

و ئەمەش بابەتێکی جەوهەری یە، کە پێشوەختە بریاری سیاسی دراوە، و ئەمەش رێك دژایەتی پرینسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات، بە تایبەتی بابەتی هاندانی پێوە دیارە، کە تێشك دەخاتە سەر "مەفهوم یانیش فکرە " " دانپێنان " لە ناو یاسایی نێودەوڵەتی، کە بابەتێکە پریەتی لە ناکوکی و پێکدادان. هاوکات هەلسانەوە بە راگەیاندنی سەربەخوی لە لایەن دەسەڵاتدارانی کوسوڤووە، کردارێکی بە پێچەوانە و دژ بە یاساکانی نێودەولەتی، بە تایبەتی ئاماژە پێکراو بە " هێرشکردن سەر یەك پارچەی خاکی سربیا" دەکات، هاوتەریب هەولدان بە شێوەیەکی نایاسایی بو گورینی سنورەکانی سربیا دور لە رەزامەندی دەوڵەتی دایك، کە سربیا یە، هەژمار دەکرێت(Reynolds, P., 2008).[6] ئەمەش بەشێکی گرینگە لە بنەماکانی یاسایی نێودەوڵەتی.

## 1.1. مێتودی توژینەوە

ئەم توژینەوەیە بەسودوەرگرتن لە مێتودی وەسفکردن لە وەکەم قوناغ هەولی شیکاری و وێناکردنی فاکتەرەکانی خاوەن کاریگەر لە سەر پرسی سەربەخوی کوسوڤو دەدات و لە قوناغی دویەم بە گرتنە بەری رێکاری شروڤەکردن و شیکردنەوەی داتاکان، توژینەوەکە هەولی وەلامدانەوەی پرسیار و گرێمانەی بەرجەستەکراوی توژینەوەکە دەدات.

ئەم توژینەوە لە سێ بەش پێکهاتوتەوە، لە بەشی یەکەم، دەروازە و مێتودی و پرس و گرێمانەی توژینەوەکە دەستنیشان دەکرێت، بەشی دویەم، شیکاری بو تیوری یەکان جیابونەوە، هوکارەکانی پشتگیری و دژایەتی کردنی سەربەخوی و

[4] Cold War History [ Online] http://www.history.com/topics/cold-war/cold-war-history. [ Accessed, Nov. 10, 2017].
[5] Joseph, E.P.,(2013) Kosovos Independence and Secessionist Movements: Dire Consequences or Bengin Impact? Jhns Hopkins Scholl of Advanced International Studies. 12 March 2013. P.6.
[6] Reynolds, P., (2008) Lega Furore over Kosovo`s recognition, BBC News, Feb. 16, 2008, http://news.bbc.co.uk/2/hi/europe/7244538.stm

هەورەها سەربەخوی و مافی چارەیخونوسین لە ڕەوانگەی بەڵگەنامە نێو دەوڵەتی یەکان دەخرێتە بەرچاڤ، لە بەشی سێیەم، بە وێنەکردنی پرسی سەربەخوی کوسوڤو و رولی دامەزراوە نێودەوڵەتی یەکان لەم بوارەدا شیکاری دەکرێت.

## 1.2. پرسی توژینەوە و ئامانجەکانی توژینەوە

گرێمانە دەکرێت رولی بەرژەوەندی فرەرەهەندی یەکانی وڵاتە زلهێزەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێگای بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی UNSCR 1244 (1999) 10/6/1999[8] [7] و بڕیاری بەڕێوەبردنی کوسوڤو لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە (UNMIK )[9] فاکتەر بوژێنەرن بون لە بڕیاردانی یەکلایانەی سەربەخوی کوسوڤو لە لایەن پارلەمانی کوسوڤووە. لە هەمان کاتیش ئەم بڕیارە بە پێچەوانەی یاسایی نێودەولەتی نییە . پرسیاری توژینەوە ئەوەیە، بڕیاری دادگای نێودەوڵەتی و کومیسیونی بادینتەر و پەسەندکردنی بڕیاری یەکلایەنەی سەربەخوی کوسوڤو هاوتەریب لە گەڵ یاسایی نێودەوڵەتی، *هەتا چ رادەیەك كاریگەری کردوتەوە لە سەر پراکتیکی بڕیاری مافی سەربەخوی نەتەوەکانی ژێر دەست؟ بە لە بەر چاو گرتنی مافی دەوڵەتی خاوەن سەرەوەری – کوماری سربیا- لە کێشەی کوسوڤو چ فاکتەرێك بوتە هوکاری یەکلاکردنەوەی پرسی سەربەخوی؟* جێگای خویەتی ئاماژە بەم راستی یە بێتە کردن کە پرسی سەربەخوی نەتەوە و گەلان تەنیا چوارچێوەیەکی تیوریك و یاسایی نییە، بویە دبێت فاکتەرەکانی سیاسەتی جیهانی و هەرێمایەتیش لە بەر چاو بێتە گرتن لە لێکدانەوەی شرۆڤەکردنی پرسێکی وەها جەوهەری.

## 2. مافی چارەیخونوسین

لەم بەشە دا هەولدەدرێت وێنای کومەلێك رای و بوچونی دژ بە یەك سەبارەت بە پرسی مافی چارەیخونوسین بکرێت لە ژێر روشنای فاکتەرە گرینگەکانی پەیوەندیدار لە بەلگەن امە جیاوازەکان کە بونتە فاکتەری بونیاتنەر لەم بوارەوە . هەروەها پێکداندنی تیوری یەکان روناکی زیاتر دەخرێتە بەر دەست لە پێناو تێگەیشتنێکی فراوان لە پرسی سەربەخوی لە ڕەوانگە جیاوازەکان و هەروەها فاکتەرە خاوەن کاریگەری یەکان لەم بوارەوە لە سەر ئاستی سیاسەتی جی هانی و ستروکتوری ناوخوی دەولەت.

### 2.1. جیابونەوە: هوکارەکانی دژ و پشتگیر

[7] Resolution 1244 directed UNMIK (https://documents-dds-ny.un.org/doc/UNDOC/GEN/N99/172/89/PDF/N9917289.pdf?OpenElement )

[8] Resolution 1244 directed UNMIK to:1 .perform basic civilian administrative functions; 2. promote the establishment of substantial autonomy and self-government in Kosovo; 3. facilitate a political process to determine Kosovo's future status; 4.coordinate humanitarian and disaster relief of all international agencies; 5.support the reconstruction of key infrastructure; 6.maintain civil law and order; 7.promote human rights; and 8. assure the safe and unimpeded return of all refugees and displaced persons to their homes in Kosovo.

[9] United Nations Interim Administration Mission in Kosovo (UNMIK)

مجلة قەڵاى زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جیابونەوە دەستەواژەیەکی یونانی لاتینە لە چەمکی Secessio، وەکو ئاماژە پێکردنێك بو بەجێهێشتنی کیانێك لە واتە کیانی سیاسی ( دەوڵەت) لایەن گروپێك /کەمەنەتەوە/نەتەوە و هەروەها ئەم بابەتە شمولی رێکخراو، یەکێتی یانیش هاوپەیمانێتی سیاسی، ئابوری و لەشکەریش دەکات. لە روی سیاسی یەوە زور جار تەهدیدی جیابونەوە بو گەیشتن بە ئارمانجە سنوردارەکانیش بەکاردێت و هاتوتەوە. جیابونەوە بە شێوەیەك کە لە ژێر کەش و هەوایەکی تایبەت، واتە گرێدراو بە داپلوسین و چەوساندنی خەلك، کەمەنەتەوەکان وهتد (Buchanan,2007)[10]، یانیش کومەلێك رەوانگی فەلسەفەی سیاسی هەروەکو بونمونە لیبرالیزم کە کوکی فەلسەفەکە لە چوارچیوەی " ئازادی " دا دارێژراوە پشتگیری دەکرێت بە تایبەتی پرسەکانی پەیوەندیدارە بە ئازادی پەیوەندیدار بە تاکەکان ( (W. McGee, R.,1994)[11] ئەم بابەتەشە تەنیا ئەوە نییە پەیوەست یانیش سنوردار بکرێت بە سیستەمە دیموکراسی یەکانی تازە پێگەیشتو.

بابەتی جیابونەوە بێجگە لەوەی کە بابەتێکی سیاسی یە، لە هەمان کاتیش بابەتێکی فەلسەفی خاوەن تێتیکی تایبەت و دیارکراوە، ئەم ئێتیکەش شەرعی یەتدانە بە خواسرتی جیابونەوە، واتە رازی بوون بە جیانبونەوە ئەوەی پەیوەندار بێت بە کیانی سیاسی دەولەت ئاماژە بە هەلوەشاندنەوەی دەولەتی نەتەوەی"[12] دەکات (N. Rothbard, M., 1994).[13] کاتێك باسی جیابونەوە دێتە ئارا لە بەر چاو گرتنی ئەم بابەتە گرینگە : نەتەوە و پرسی سەربەخوی کاتێك دێتە وروژاندن زورتر لە لایەن چ توژێکی سیاسی و کومەلایەتی یەوە بەرگری یانیش دژایەتی دێتە کردن، زور رای جیاواز دێتە بەرچاو . ئەم هویەش رەنگدانەوە گرینگی هەیە لە سەر دیتن و رەوانگەی سیاسی وەکو بەش ێکە لە چوارچێوەی فەلسەفەی لیبرالیزم، کە گرینگی بە بونی کەش و هەوایەکی ئازادی یەکسان دەکات لە پێناو دەربرینی دید و بوچونەکان وەکو مافیکی رێگە پێدراو . Allen Buchanan بە یەکێك لە پێشرەوانی تیوری دارێژەر و توژەری سەردەمی بواری جوداخوازی دێتە هەژماردن . ئەو بە ئاماژەکردن بە " کومەلێك رای دژی جیابونەوە" دەکات، بەلام ئەمە ئەو تێگەیشتنە دروستناکات کە ئەو لە دژی جیابونەوەیە، بەلکو پشتگیری لە جیابونەوە دەکات لە ژێر " واقع یان حالەت"ی تایبەت، کە لە خوارەوە هوکارەکانی دژایەتی ئەو بو جیابونەوە دەخرێنە رو:

1. مافی شەرعی دەوڵەتی خاوەندار لە پێناو پاراستنی خاك، ئەگەر خاکەکەش دزرابێت، 2. پاراستن و یەکگرتووی وڵات، لە پێناو رێگریکردن لە دەستدانی خاك، 3. پشتگیری لە پرینسیپی دسەڵاتداری زورینە دەکات، پێویستە کەمە نەتەوەکان رێزیان بوی هەبێت، 4. بو ئەوەی جیابونەوە دژواربکرێت، بریاری شێوازی جیاوازی باج دێتە سەپاندن، 5. بەکار هێنانی نەریی بابوباپیری کونی سەروەری، بویە جیابونەوە باش نییە، 6. جیابونەوەی کیانە بچوك و بچوکەکان فاکتەری دروسبونی کەش و هەوای فەوضی و ناسەقامگیرین، 7. وەبەرهێنانی دەولەت لە دروستکردنی کیانێکی تایبەت، بویە رێگری لە کرداری جیابونە دەکرێت لە رێگای پەرچەکردار، 8. دابەشکردنی

[10] Buchanan, A., (2007) Secession, Stanford Encyclopedia of Philosophy, 2007.
[11] W. McGee, R.(1994) Secession Reconsidered, the Journal of Libertarian Studies, Fall 1994.
[12] Decomposing the Nation-State
[13] N. Rothbard, M.,(1994) Nations By Consent: Decomposing The Nation-State. Journal Of Libertarian Studies 11:l. Fall 19841: 1-10. l994 Center For Libertarian Studies

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عەدالەت، کیان یانیش هەرێم زەنگینەکان ناتوانن جیابنەوە، چونکە ئەوەی دەمێنێت هەرێم یانیش کیانێکی هەژارە و ئەمەش ناعەدالەتی دروست دەکات( Buchanan,1991 ).[14]

یەکێکی دیکە لەو فاکتەرانەی ئاماژە بە پشتگیری لە جیابونەوە دەکات پرسی " مبرر یانیش پاساو"[15] و زورتر ئاماژە بە هێنانەدی عەدالەت دەکات کە خوی لە چوارچێوەی مافە زەوتکراوەکانی نەتەوە و کەمەنەتەوەبندەستەکان کودەکاتەوە و لەم بوارەوە وەکو پالنەر یانیش سەرەچاوە لەم بوارەدا دێنە پێشچاو . هوکاری پشتگیری لە جیابونەوە وەکو بنەما و چوارچێوە سەرەچاوەکەی دەگەرێتەوە بو نامەی سەرۆکی چوارەمی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا James Buchanan دەگەرێتەوە کە لە نامەیەك دا دیدی خوی بو کونگرێسی ئەمریکا یە سەبارەت بە رەوشی ولات بە ناوی " the State of the Union " لە بەرواری 1860/12/3 پشتگیری لە مافی جیابونەوەی ئەو ویلایەتانە دەکات کە لە دژی واشینتون دەستی یان داوەتە چەك و نایانەوێت بىن بە بەشێك لە دەوڵەتی یەکگرتووی ئەمریکا. ئەو دوو رەوانگەگەی جیاواز بو چارەسەرکردنی پرسەکە دەخرێتە رو، یەکەمی یان هەلبژاردن و ئەوی دوهەمیان بژاردەی سەربازی یە، کە بە دیدی ئەو جیابونەوە ناتوانرێت بە "زەبری هێز" رابگیرێت، و لێرە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمە کونگرێسی نییە کە لە روی یاسایی یەوە ئەم بابەتە چارەسەر بیکات، چونکە ئەو لەو بروایەدایە بریاردان لە سەر چارەنوسی بابەتێکی پەیوەندیدار بە مافی چارەیخونوسینی نەتەوەیەك کە دەیەوێت لە ئەمریکا جیابێتەوە یانیش نایانەوێت لە گەل ئەمریکا بژین پرسێك بێت کە لە ژێر تایبەتمەندی دەسەڵات داری کونگرێس دا بێت . هەروەها سەبارەت بەکار هێنانی چەمکی " شمشێر" ئاماژەیەکە بەوەی کە کونگرە ناتوانێت بریاری راگەیاندنی شەرلە دژی پێکهاتەیەکی دەوڵەتی ئەمریکا بیدات، بەلکو کونگرە ئەو دامەزراوەیە کە یاسادانەرە نە حەکەم و بریاردەر. لە بەردەوامی و بە هوی ئەوە ی کە یەکگرتووی ولات بابەتێکی ئیختیارەی یە، کە پشتی بە دەنگی هاولاتی یان بەستوتەوە، ئەوە گشتپرسی و پرس کردن بە خەلك باشترین رێگا چارەسەر بو ناکوکی یەکان هەژمار دەکات، واتە سندوقی دەنگدان (Buchanan, J., 1860 ).[16]

هەر لەم بارەیەوە سەرۆکی ئەو کاتی ویلایەتە ی ەکگرتووەکانی ئەمریکا Thomas Jefferson لە پێناو راگرتنی خوێنرشتن و پەرەسەندنی شەر لە ناوبەینی ئەمریکی یەکان، نامەیەك ئاراستەی وەزیری شەر (بەرگری ) ی William H. Crawford لە بەرواری 20/6/ 1816 دەکات و وەها دەدرکێنێت:

"If any State in the Union will declare that it prefers separation with the first alternative, to a continuance in union without it, I have no hesitation in saying, 'let us separate"'. Leicester Ford, P., 1905).[17]

---

[14] Buchanan, A., (1991) Secession: The Morality of Political Divorce From Fort Sumter to Lithuania and Quebec, West View Press, 1991.[ Protecting Legitimate Expectations, Self Defense, Protecting Majority Role, Minimization of Strategic bargaining, Soft Paternalism, Threat of Anarchy, Preventing Wrongful Taking, Distributive Justive]

[15] Justification

[16] Buchanan, J. (1860) Fourth Annual Message to Congress on the State of the Union . http://www.presidency.ucsb.edu/ws/?pid=29501 .December 3, 1860

[17] Leicester Ford, P., (1905). The Works of Thomas Jefferson Volume 11. The Knickerbocker press. NY & London. P.538, seee also, Thomas Jefferson to William H. Crawford, 20 June 1816 [Online] https://founders.archives.gov/documents/Jefferson/03-10-02-0101

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە لایەکی دیکەوە Aleksandar Pavkovic، لە ژێر ناوی مافە گشتی یەکانی جیابونەوە، ئاماژە بە پێنج جورە عەدالەت یانیش هوکار بو جیابونەوە دەکات، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە (Pavkovic A., 2003)[18]: 1. مافی ئازادی تاکەکەسەکان بو ئەوەی رێکخراوی سیاسی و مافی ملکیە تایبەت بپارێزن، بو دروستکردنی، 2. مافێکی سروشتی پەیوەندیدار بە کو مەلگە(نەتەوە، کەمەنەتەوە) لە ناو سنورێکی دیارکراو بریار لە سەر مافی چارەیخونوسین بدات، 3. رەوانگەیەکی جیاوازی ئایدولوژی، بو بەرەوپێشبردنی ناسنامەیەکی تایبەت لە ناو سنورێکی دیارکراو کە واتە مافێکی شەرعی جیابونەوە، 4. جیابونەوەی کولتوری لە پێناو پاراستنی کولتور و ناسنامەیەکی تایبەت، 5. هەرەشە یان خوسەپاندنی کولتوری زورینە لە سەر کەمینە.[19]

ئەمە بێجگە لەوەی کە فاکتەری خواستی جیابونەوە وەکو تەپەسەرکردنی ئابوری و بێ بەشکردن لە مافە ئابوری ی ەکان یا خود بەکار هێنانی فاکتەری ئابوری وەکو گوشارخستن بو سەر کەمە نەتەوەکان لە لایەن دەوڵەتانەوە بەکار دەهێنرێت کە دژی پرینسیپەکانی دیموکراسی و یاسایی دەوڵەتداری یە و زورتر رێزەکانی یەکگرتن بەرەوە هەلوەشاندنەوە دەبات جێگای خویەتی ئاماژە پێبێتە کرن . هەروەها بەکار هێنانی هێز کە زورتر لاوازی یاسایی و دەستوری دەوڵەت دەخاتە بەر چاو فاکتەرێکی قەتیسکردنی دەسەڵاتداریی یە لە دەستی ناوەندێك کە ئەمەش فاکتەری گوشارخستنە سەر کیانە سیاسی یەکان و کەمەنەتەوەکان و ترس و دلەراوەکی لای هاولاتی یان دروست دەکات، بەشێکە لە بونی ناعەدالەتی و دوبارە کردنەوەی هەلەکانی رژێمەکانی پێشو دێتە دیتن . بەکار هێنانی هێز بەشێکە کە دروستکردنی کەش و هەوایەکی گونجاو لە پێناو بەکارهێنانی بو راگوێزان و ئاوێتەکردنی نەتەوەکانی دیکە لە ناو زورینە و هەروەها لە ناو بردنی کولتور و ناسنامەی کەمە نەتەو ەکان، ئەو فاکتەرانەن کە وەکو بەشێك لە هوکارەکانی خواستی جودابون و سەربەخوی دەتوانرێت لێرە ئاماژەیان پێ بێتە کردن.

## 2.2. چوارچێوەی جیابونەوە و مافی چارەیخونوسین

مافی چارەی خونوسین بە یەکێك لە پرینیسپە گرینگەکانی لە یاسایی نێودەڵەتی سەردەمی مودێرن دا دێتە وێناکردن " بنەمایەکی جێگیر "[20]، ولە لایەن کومەلگای نێو دەولەتی و وەکو بەشێك لە پرینسیپەکانی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان چەسپێنراوە. ئەمەش دەوڵەتانی هانداوە کە وەکو بەشێك لە "عورف و بوهای" یاسایی جیهانی بێ ئەوەی بنەمایەك بو موزایدە بێتە رەخساندن، ئاماژە رێگەپێنەدان بە لێبوردون لەم بنەمایە دەکات " هیچ تەنازول (ابطال و فسخ)[21] رێگەپێدراو نییە . یەکێك کە هەرە سەرەکیترین ئەو بەلگانەمانەی کە وە کو بنەما بو دارشتینی پرینسیپەکانی *مافی مرۆڤ و دەولەتداری و دیارکردنی سنوری* دێتە هەژماردن بەریتی یە لە the Atlantic Charter، کە وەکو بیروکە لە ناو بەینی سەرۆکی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەو کات Franklin D. Roosevelt و سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتی بریتانی Winston Churchill,

[18] Pavkovic A., (2003) Secession, Majority Rule and Equal Rights: a Few Questions, Macquarie University Law Journal, 2003.
[19] Anarcho Capitalism, Viable Political order, Democratic Secessionism Tterritorial community, Communitarian Secessionism, participation-enhancing, Cultural Secessionism, The Secessionism of Threatened Culture.
[20] a cardinal principle
[21] no derogation is permitted.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تاوتوكراوەو و رێككەوتنی پرینسیپی لە سەر ئەم خالانە كراوە. پێكەوە پرینسیپەكانی مافداری charter لە 8 خالی ئاماژە پێكراو لە خوارەوەا كوكراون(The Atlantic Charter August).[22]

هەر چەندە خالە پێشنیاركراوەكان خاوەن بەدەر نین لە كەموكوری یانیش رەخنە ,بەلام ئەوەی جێگای دلخوشی یە، ئاماژە بەوە دەكات كە دەبێت سەرراستكردن و دەستنیشانكردنی سنورەكان دەبێت لە لایەن خەلكەوە پەسەند بكرێت، ئەمەش ئاماژەیەكە بە " دەنگدان یانیش رێكخستنی گشتپرسی " لە پێناو شەرعی یەتدان بە بریاری خەلك كە وەرچەرخانێكی لە سەر ئاستی جیهان هێنایە ئارا، كە بریتی بووە لە رێگە خوشكردن بو دروستكردنی رێكخراوێكی نێودەوڵەتی وەكو League of nations و هەروەها نەتەوە یەكگرتووەكان، و ئەمەش وەكو پێنگاوێك دێتە هەژماردن كە دەتوانرێت بگورترێت "پێداچونەوە بو بە سیاسەتی جیهانی لە لایەن زلهێزەگەورەكانی ئەو سەردەم" .

راگەیێندراوی جیهانی سەبارەت بە مافی مرۆڤ 1948/12/10 لە دیباچەكە ئاماژە بە یەكسانی مافی مرۆڤ و وەكی " بنەما و هەیكەلی ئازادی ، عەدالەت وئاشتی یە لە جیهان، و لە بەندی یەكەم دا تەركیز لەوە دەكات كە تاكەكان ئازادانە و یەكسان و بە كەرامەت لە دایك بونەتەوە، و هەمو ئەو ماف ئەركانەی كە لە راگەیێندراوەكدا ئاماژە پێكراوە و نابێت كە هیچ لێكدانەوە لە سەر بنەمای باوەری سیاسی بێتە كردن، ورێگری دێتە كردن لە ئازاردان ( تەعزیب ) یانیش هەلسوكەوتێكی نامرۆڤانە لە گەل تاكەكان دا بێتە كردن و مافی هەر تاكێك بە یەكسانی هەیە لە بەرامبەر بە یاسا دا، و رێگری لە جیاوازی و تەبعیز دێتە گرتن . ئەوەی جێگای ئاماژە پێكردنە پەیوەندیدار بەم بابەتە بەندی 15 ئاماژە بەوە دەكات كە " هەمو تاكێك مافی ئەوەی هەیە خوی سەر بە نەتەوەیەك بزانێت " واتە، دەستنیشانكردنی ناسنامەی نەتەوەی و نابێت ئەم مافەش لێی بێتە ستاندن یانیش زەوتكردن(Universal (Declaration of Human Rights.[23]

لە درێژی ئەم بابەت گرینگە ئاماژە بە راگەیاندنی ئەنجومەنی گشتی سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان پەسەند كراوی 1960/12/14 بكرێت بە ناوی " راگەیاندنی دابینكردنی سەربەخوی بو دەوڵەت و نەتەوە داگیركراوەكان /كولونیكراو " ژمارە (XV) 1514[24] كە پێكهاتوتە لە 7 مادە بە پشت بەستن بە بەلاغی راگەیاندنی نەتەوە یەكگرتووەكان كە بووە هوكاری وەرگرتنی

[22] Background Information, The Atlantic Charter August 14, 1941. www.atlanticcharter.ca/backgroundinfo.php .[ 1.no territorial gains sought by the United States or the United Kingdom; 2. territorial adjustments must be in accord with wishes of the people; 3. territorial adjustments must be in accord with wishes of the people; 4. trade barriers lowered; 5. global economic cooperation and advancement of social welfare; 6. freedom from want and fear; 7. freedom of the seas; 8. disarmament of aggressor nations, postwar common disarmament.]

[23] Universal Declaration of Human Rights [Online] http://www.un.org/en/udhrbook/pdf/udhr_booklet_en_web.pdf. [ Accessed augu. 25, 2016].

[24] 1. The subjection of peoples to alien subjugation, domination and exploitation constitutes a denial of fundamental human rights, is contrary to the Charter of the United Nations and is an impediment to the promotion of world peace and co-operation; 2. All peoples have the right to self-determination; by virtue of that right they freely determine their political status and freely pursue their economic, social and cultural development; 3. Inadequacy of political, economic, social or educational preparedness should never serve as a pretext for delaying independence;4. All armed action or repressive measures of all kinds directed against dependent peoples shall cease in order to enable them to exercise peacefully and freely their right to complete independence, and the integrity of their national territory shall be respected; 5. Immediate steps shall be taken, in Trust and Non-Self-Governing Territories or all other territories which have not yet attained independence, to transfer all powers to the peoples of those territories, without any conditions or reservations, in accordance with their freely expressed

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەرەنتی سەربەخوی لە ژێر دەسەڵاتداری داگیركار. هەر ئەم رەوانگەیەش دەبێتە هوی دارشتن و دروستبوونی تەعریفێكی نوێ بو یاسایی نێو دەولەتی بونیاتنراو لە سەر مافی " ئازادی هەروەها سەربەخوی ئابوری " ( Declaration on the Granting of Independence to Colonial (Countries and Peoples [25] هەروەها دەبێت ئاماژە بە هەر سێ بەیانی كوتای نەتەوە یەكگرتووەكان بكرێت سەبارەت بە مافی چارەیخونوسین بە شێوەیەكی گشتی كە لە هەر سێ بریارەكە ئ اماژە پێكراوە (General Assembly (Declaration on the Granting of Independence to Colonial Countries and Peoples [26](Resolution 1514 (XV)

هاوتەریب راگەیاندنی نەتەوە یەكگرتووەكان سەبارەت بە مافی "خەلكی رەسەن "[27] برگەی سێیەم هەمان دەقی پەیماننامەی نەتەوەیەكگرتووەكان سەبارەت بە دابینكردنی مافەكانی ئابوری، كومەلایەتی و كولتوری بەرواری 1966/12/16ی دوبارە كردوتەوە سەبارەت بە دەستنیشانكردنی مافی بریاردان و هەروەها پێگەی سیاسی خویان، هەروەها لە بەندی چوارەم ئاماژە بەوە دەكات خەلكی رەسەن لەو پرسانەی كە پەیوەندی راستەقینەی هەیە بە پرسە ناوخوی یەكانی پەیوەندیدار بە وان و مافی بریاردانی سەربەخوی یان هەیە United Nations (Declaration on the Rights of Indigenous Peoples).[28]

هاوكات پەیماننانەی نێو نەتەوەی دابینكردنی مافەكانی ئابوری، كومەلایەتی و كولتوری نەتەوەیەكگرتووەكان هەژمارە (2200A) ی (XXI) بەرواری 1966/12/16برگەی یەك پێداگیری لە سەر دیاركردنی مافی چارەیخونوسینی هەمو خەلكێك دەكات كە بە ئازادنە خواستی پێگەی سیاسی خویان بدركێنن و ئازادانە هەول بدەن بە گەیشتن بە ئارمانجەكانی ئابوری، كومەلایەتی و پێشخستنی كولتوری خویان (International Covenant on Economic, Social and Cultural Rights.[29] پەیماننامەیەكی دیكەی جیهانی كە دەوڵەتان لە سەری رێككەوتن و چەندین جار تەركیزی لە سەر پرسی و مافی سەربەخوی گەلانی داوە خوی لە ناو چوارچێوەی پەیماننامەی "پەیوەندی دوستانە" لە ناو بەینی دەوڵەتان بەرواری 1970/10/24 و تەركیز لە سەر مەنشوری نەتەوەیەكگرتووەكان دەكات ئاماژە بە پرسی گرینگی دان بە سەروەری یەكسان و هاوشانی ناوبەینی دەوڵەتان و دەستوەرنەدان

---

will and desire, without any distinction as to race, creed or colour, in order to enable them to enjoy complete independence and freedom;6. Any attempt aimed at the partial or total disruption of the national unity and the territorial integrity of a country is incompatible with the purposes and principles of the Charter of the United Nations; 7. All States shall observe faithfully and strictly the provisions of the Charter of the United Nations, the Universal Declaration of Human Rights and the present Declaration on the basis of equality, non-interference in the internal affairs of all States, and respect for the sovereign rights of all peoples and their territorial integrity.) http://www.un.org/en/decolonization/declaration.shtml.

[25] Declaration on the Granting of Independence to Colonial Countries and Peoples . http://www.un.org/en/decolonization/declaration.shtml and see, http://www.un.org/esa/socdev/unpfii/documents/DRIPS_en.pdf

[26] Declaration on the Granting of Independence to Colonial Countries and Peoples ،General Assembly Resolution 1514 (XV); General Assembly Resolution defining the three options for self-determination, General Assembly Resolution 1541 (XV);General Assembly Resolution establishing the Special Committee on Decolonization, General Assembly Resolution 1654 (XVI); and, The Vienna Declaration and Programme of adtion adopted by the World Conferance on Human Rights in 1993.

[27])Indigenous

[28] United Nations Declaration on the Rights of Indigenous Peoples [Online] http://www.un.org/esa/socdev/unpfii/documents/DRIPS_en.pdf [ Accessed augu. 26, 2016].

[29] International Covenant on Economic, Social and Cultural Rights ،Adopted and opened for signature, ratification and accession by General Assembly resolution 2200A (XXI) of 16 December 1966, entry into force 3 January 1976, in accordance with article 27[Online] http://www.ohchr.org/EN/ProfessionalInterest/Pages/CESCR.aspx. [ Accessed Augu 25, 2016].

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ناو کاروبواری ناوخو دا دەنێت، و ڕێزگرتن لە سەروەری و یەکپارچەی خاکی وڵات، و دەولەتان لە روی یاسایی یەوە یەکسانن، بە تایبەتی لە بواری پەرەپێدان بە پێشخستنی سیاسی، ئابوری، کومەلایەتی سیستەمی کولتوری سەربەخو . هەروەها دەبێت دەولەتان لە دەستبردن بە هەلسوکوتی ناوگونجاو کە ببێتە هوکاری بێرزێیکردن بێتە بەرامبەر مافەکانی مرۆڤ، و ئاماژە بەوە دەکات کە خەلك مافی ئەوەی هـ ەیە بریار لە سەر چارەنوسی خوی بدات لە پێناو دەستنیشانکردنی پێگە وکیانی سیاسی سەربەخو، و ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەگەر رێگری لە خەك بێتە گرتن بە تایبەتی بەکار هێنانی هێز، ئەوا خەل مافی ئەوەی هەیە، داخوازی پاراستنی خوی بیکات لە کومەلگای نێونەتەوەی . بە تایبەتی کە لە دەقەکەدا دەستەواژەی "مافدارکردن "[30] خاوەن تایبەتمەندی و گرینگی خوی هەیە لە دەقی رێککەوتنامەی ناوبراو ئاماژە پێکراووە، کە ئەمەش پرینسیپێکی گرینگە لە بواری مافداری (Declaration on Principles of International Law concerning Friendly Relations and Co-operation among States in accordance with the Charter of the United Nations, 2625 (XXV).[31]

لە لایەکی دیکەوە پەیماننامەی هێلسینکی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤ سالی 1975 پەسەند کراوی کونفرانسی ئاسایش و هاوکاری ئوروپا ناسراو بە (CSCE) بەرواری 1973/7/18ی هێلسینکی و 1974/8/1ی ژنێڤ و پەسەندکراو لە بەرواری 1975/8/1 لە شاری هێلسینکیتەرکیز لە سەر پشتگیری و جێبەجێکردنی بنەماکانی پەیماننامە و رێککەوتنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات بە تایبەتی لە بواری دابینکردنی ئاسایش و ئاشتی و پەیوەندی دراوسێتی باش لە ناو بەینی دەوڵەتا ن، و لە بەشی هەوتەم ئاماژە بە پاراستنی مافی مرۆڤ لە چوارچێوەی پرینسیپ و بریارەکان و پەیماننامەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات بە تایبەتی پەیماننامەی مافی مرۆڤ. لە بەشی هەشتەم بەندی یەکەم ئاماژە بە " بونی یەکسانی لە مافی بریاردانی چارەیخونوسین "[32] بو خەلك دەکات، بە تەرکیز کردن لە سەر ئەوەی ئەم بابەتە دەبێت لە ژێر ئازادی گشتگیر و کامل دا

[30] entitled

[31] Declaration on Principles of International Law concerning Friendly Relations and Co-operation among States in accordance with the Charter of the United Nations, 2625 (XXV).[ Online] http://un-documents.net/a25r2625.htm. [ Accessed Augus, 23, 2016]. (1.The establishment of a sovereign and independent State, the free association or integration with an independent State or the emergence into any other political status freely determined by a people constitute modes of implementing the right of self-determination by that people; 2.Every State has the duty to refrain from any forcible action which deprives peoples referred to above in the elaboration of the present principle of their right to self-determination and freedom and independence. In their actions against, and resistance to, such forcible action in pursuit of the exercise of their right to self-determination, such peoples are entitled to seek and to receive support in accordance with the purposes and principles of the Charter;3. The territory of a colony or other Non-Self-Governing Territory has, under the Charter, a status separate and distinct from the territory of the State administering it; and such separate and distinct status under the Charter shall exist until the people of the colony or Non-Self-Governing Territory have exercised their right of self-determination in accordance with the Charter, and particularly its purposes and principles; 4. Nothing in the foregoing paragraphs shall be construed as authorizing or encouraging any action which would dismember or impair, totally or in part, the territorial integrity or political unity of sovereign and independent States conducting themselves in compliance with the principle of equal rights and self-determination of peoples as described above and thus possessed of a government representing the whole people belonging to the territory without distinction as to race, creed or colour).

[32] Equal rights and self-determination of peoples

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بێتە ئارا لە پێناو دابینکردنی پێگەی سیاسی ناوخو و دەرکەی و تەرکیزکردن لە سەر مافە ئابوری، کومەلایەتی و کولتوری یەکان( The Helsinki Agreement And Human Rights).[33]

## 2.3. پێکدادانی تیوری یەکان

لەم بەشە هەول دەدرێت کە پێکدادنی تیوری یەکان و رەوانگی جیاوازی تیوری یەکان بو سەربەخوی راڤە بکرێت لە پێناو تێگەیشتنێکی بەرفروانتر لە وەی کە هوکارەکان و فاکتەرە لە پشتەوەکان چین کە دەتوانن یارمەتیدەر بن بو دانپێنان بە سەربەخوی یانیش راگەیاندنی سەربەخوی لە لایەن کەمەنەتەوە یانیش نەتەوەیەکی بن دەست.

تیوری "قەزییەی عادلانە"[34]، زور جاریش بە ناوی " سەرراستکردنەوەی ماف"[35] ناسراون، دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە تیوری یەکی لیبرالیستی یە، کە لە لایەن " لیبرال " لیستەکانەوە پەسەند کراوە و گرینگی بە بونی قەزییەی عادلانە و سەرراستکردنی مافە زەوتکراوەکان دەکات، بە تایبەتی ئەوانەی لە دژ یانیش لە بەرەی ئوپوزیسیونی دسەڵاتداری خوسەپێنەر /دیکتاتورن و هەروەها شورش و سەرهلدانی جەماوەری لە لایان زور گ رینگە. Allen Buchanan یەکێك لە پێشرەوانی ئەم تیوری یە باس لەوە دەکات کە چەسپاندنی عەدالەت ئەو کاتەیە کە کە قەرەبوی زەر بێتە کردن. واتە ئەگەر مافێك لە تاکێك ستێندراوە، عەدالەت ئەو کاتە هاتوتە ئارا کاتێك تاك دلخوش بێت بە گەرانەوەی مافە زەوتکراوەکانی . هەروەها پشتگیری لە مافی جیابونەوە وەکە دەرئەنجامی قەرەوبی " ئازار" گەیاندن وێنا دەکات. لێرە گرینگە ئاماژ ەبە کومەلێك فاکتەری گرینگ بێتە کردن بو پشتگیر کردن لە جیابونەوەی ئاشتیخوازنە، لە ژێر چەتری بونی کومەلێك تێبینی دەتوانێت پێگەیەکی بەهێزی ئەخلاقی بو پرسی جیابونەوە دروست بیکات(Buchanan, 1991a:74).[36]

سەبارەت بەوەی کە چ کاتێك دەتوانرێت عەدالەت وەکو بنەمایەك بەکەربێت بو شەرعی یەت دان بە خواستی جیابونەوەی گروپێك یان نەتەوەیەك، وەها وەلامی رەخنە ئاراستەکراو دەدات و دەلێت ئەو پێشلکاری یانەی لە دژی مرۆڤ دێنە ئەنجامدان و ئاسەواری ئەشکەنجە بە جەستەی ئەندامانی گروپەکەوە دیار بێت کە کەوتونەتە بەر تەهدیدی هێزی دەوڵەت .(بو نمونە هەلسوکەتی سەدام لە گەل کورد لە عێراق ) و ئەمەش بە هەلسوکەوتێکی ناعادلانەی دەوڵەتی خاوەن سەروەری هەژمار دەکات( Buchanan, 1997:55).[37] هاوکات لە رەوانگایەکی لیبرالی یەوە ئاماژە بەوە دەکات کە پێویستە لە دەستوری دەوڵاتان ئەمە جێگیر بکرێت، بە تایبەتی ئەو دەوڵاتانی کە پێکهاتەی جیاوازی یان هەیە، دان بە مافی جیابونەوەی نەتەوە یانیش کەمەنەتەوەکانی سوری جوخرافی دەسەڵاتداری خویان دا بنن . هەروەکو لە دەستوری سوئید هی سالی 1905 دا ئەم مافە بو نەرویژ رەو بینراوە، یانیش دەستوری سالی 1993ی ئیثیوپیا کە مافی جیابونەوەی بو پێکهاتەکانی دەستەبەر کرد لە دەستوردا ( Buchanan, 1997: 36).[38]

---

[33] The Helsinki Agreement And Human Rights
[34] The just-cause theories
[35] remedial right
[36] Buchanan, 1991a: 74
[37] Buchanan ,1997: 55
[38] Buchanan,1997: 36

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەلام ئەوە جێگای رەخنەیە لە Buchanan و لیبرالیستەکان بازدانێکە بە سەر ئەو پرییینسیپیانەی کە بانگەشی بو دەکەن، بە تایبەتی کە تێشك دەخەن سەر ئەوەی کە گشتپرسی لە پێناو گەیشتن بە سەربەخوی هەلسوکەوتێکی ناتەندروستە بو ئەو دەولەتانەی کە پەیرەو لە سیستەمێکی خاوەن عەدالەت دەکەن، و ئەمەش یەکێك لە هوکارەکانی یاسایی نێودەوڵەتی یە کە دەولەتان رێگە بە هەلو ەشاندنەوەی خاکی خویان نادەن، بەلکو هەولەکانی یان لە پێناو یەکگرتوو راگرتنی خاکی چر دەکەن ( Buchanan, 1997:52).[39]

یەکێکی دیکە لە فاکتەرکانی کە ئاماژەی پێ دەك رێت بریتی یە لە سیستەمی سیاسی دەوڵەت ئەگەر بێت و لە سەر بنەماکانی" دیموکراسی هاوبەش و لێکتێگەیشتن"[40] دیموکراسی تەوافوقی دارێژراو بێت، پێداگیری لە سەر ئەوە دەکات کە لەم رەوانگەیەوە جیابونەوە لە سەر بنەمای کەمەنەتەوایەتی یە فاکتەرێکی پالنەرە بو پەیدابونی شەر و پێکدادانی ناگونجاو و کاریگەر لە سەر مافی مرۆڤ و لە دەستدان و خراپکردنی سامانەکانی دەوڵەت . هاوکات تێشك دەخاتە سەر ئەم بوچونە، کە دەوڵەتی جیابو بو خوی دەبێتە یەکێك لەو کیانانە کە کەمەنەتەوەکان بچەوسێنێت. ئەمەش بوچونێکی رێك پێچەوانەی هەمان بوچونی لیبرالیستەکانە کە بانگەشەی بو دەکەن (Buchanan, 1997: 44-45).[41] ئەو لێرە ئاماژە بە کومەلێك فاکتەر دەکات کە دەولەت لە پێناو پاراستنی دانپێنان بە یەکگرتووی سنورەکان و هەروەها لە پێناو پاراستن و پشتگیری کردنی بوهاکانی تاکەکان بوبەدێهێنانی عەدالەت بیخاتە کار، کە بریتی یە لە 1- سەپاندنی فە رمانی یاسایی، 2- پاراستنی ئا سایشی جەستەی تاکەکان یانیش گروپەکان، 3- پاراستنی مافەکانی یان، و 4- پشتگیریکردن لە مافەکانی هاولاتی یان لە پێناو بەشداری کردن لە کاروبوار سیاسەت(Buchanan, 1997: 45-49).[42]

یەکێك لە تیوری یەکانی دیکە کە گرینگە لە بواری دیارکردنی مافی چارەی خونوسینی نەتەوەی، تیوری مافی چارەیخونوسینی نەتەوەی یە[43] کە لە لایەن David Miller بەرجەستەکراوە. ئەو سیستەمی ئێستای سیاسی جیهانی بە یەکێك لە بەربەستە هەرە گرینگەکانی چارەسەرکردنی پرسی نەتەوە ونەتەوە-دەوڵەت بەرجەستە دەکات. و بو ئەم مەبەستەش لە رێگای بەرجەستەکردنی پرسیاری، کەنگێ نەتەوەیەك لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فرە - نەتەوەی یانیش ئیمپراتوریەتێك بە شێوەیەکی شەرعی دەتوانێت جیابێتەوە و ببێتە خاوەنی دەوڵەتی خوی، هەولی دوزینەوەی بنەمایەکی یاسایی و شەرعی بو مافی چارەیخونوسینی نەتەوەکان دەدات (Miller,1995:2).[44] لێرە سێ فاکتەر هەن کە Miller پەیوەندیدار دەبێنێت بە پرسی سەربەخوی نەتەوەی و بانگەشەی بو دەکات. یەکەم، پرسی مافی چارەیخونوسین دەلالەت لە دەربرینی رای سەربەخوی بە کومەل دەکات (Miller,1995:88-89).[45] بە پێی شرۆڤەی میللەر، ئەم بابەتە پەیوەندیدار بە دەسبرینی هەستی نەتەوایەتی بە باشترین شێوە لە رێگای هەبونی "statehood" کە گرێدراوە بە هەبونی" کومەلگایەکی سیاسی و چالاك" کە بتوانێت تەعبیر و پێناسەی

[39] Buchanan, 1997: 52
[40] consensual democracy
[41] Buchanan, 1997: 44-45
[42] Buchanan, 1997: 45- 49
[43] National self-determination theories
[44] 2 :1995 ,relliM
[45] 89-88 :1995 ,relliM

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناسنامەی کەسایەتی و نەتەوایەتی و هاوتەریبیش بونی بەرپرسیارەتی بەرامبەر بە کومەلگا بە پێویست دەبینێت (Miller, 1995:82).[46]

خالی دویەم، بریتی یە لە پاراستنی کولتوری نەتەوایەتی. واتە هەولدان و رێگربون لە تێکچونی کولتوری نەتەوەی، کە بریتی لە مێژو، زمان. بەلام، کاتێك دەوڵەتێك هەولی بەرجەستە کردنی کولتوری خوی دەدات، مەترسی ئەوەش هەیە، یانیش سیاسەتی دەولەت بە شێوەیەك ئاراستەکراوە کە کولتوری کەمەنەتەوەکان دامرکێنێت (Miller, 1995:85).[47] جێگای ئاماژە پێکردنە رەنگە دەوڵەت ستراتێژی یەکی سیاسی بەکار بێنێت لە رێگای پەسەند کردنی سیاسەتی نەرموك soft power بە ئاویتەکردنی کولتوری کەمەنەتەوەکان لە ناو کولتوری زورینە، ئەم کولتورە وەکو بەشێك لە کولتوری زورینەی دەوڵەت پێناسە بیکات و بەم شێوەیەش بە تێپەرینی کات، کەمەنەتەوەکان لە گەل کولتوری خویانناموبکرێن( Miller, 1995:113-114)[48]

وەکو خالی سێیەم، پەیرەکردنی سیستەمی فیدرالی، بە لە بەر چاو گرتنی راستی یەکانی پێکهاتەکانی دەوڵەت، میللەر ئەمە بە باش دەزانێت لە ئەگەری ئەوەی پێکهاتەی دەوڵەتێك زیاتربێت لە نەتەوەیەك . ئەمەش لە پێناو رێگەخوشکەر بێت هەر نەتەوەیەك لە توانای دا هەبێت بە شێوەیەك عادلانە و کومەلایەتی یەوە بتوانێت بوها نەتەوەی یەکانی خوی پراکتیزە بکات لە پێناو " شەرعی یەت" دان بە کەسایەتی دەولەت. جێبەجێکردنی ئەم بیروکەی میللەر، جێگای خویەتی ئاماژە پێبێتە کردن کە لە کاتێك دا دەتوانرێت جێبەجکێ بکرێت کە دەولەتێك خاوەن دەسەڵاتداری یەکی سیاسی بێت دان بە مافە یاسایی و سیاسی و ئابوری و کولتوری یەکانی کەمەنەتەوەکان بێنێت و هەولی بەدێهێنانی عەدالەتی ئابوری بدات. وەکو دەرئەنجام میلەر ئەوەی لە بەر چاو گرتوتوە کە جیابونەوە دەبێتە هوی پێکدادان و دروستبونی قەیران و ناکوکی و هەروەها دروست بونی " کومەلگای کەمە نەتەوە"ی نویَ لە ناو سنوری دەولەتی جیابودا. بویە بەر لەوەی بریاری جیابونەوە بێتە داین، دەبێت بیر لە بژاردەی دیکە بێتە کردن وەکو " ئوتونومی، فدرالی" بە شێوەیەکی لەسەرخو بێنە پراکتیزە کردن (Miller, 1995:86).[49] لێرەش میلەر رەفسی تیوری و رەوانگەکانی Buchanan's لە بەر دوو(2) هوکار، کە بریتین لە: یەکەم، جیابونەوە هیچ کاتێك پەرچەکردار نییە بەرامبەر بە هەلسوکەوتی نارەوا و ناعەدالەت، دویەم، جیابونەوە دەتوانێت شەرعی یەتی خوی وەربگرێت ئەگەر دەوڵەتی دایك بە رێگای بەکار هێنانی هێزەوە رێگری لە جیابونەوەی شەرعی بیکات.

پەیوەندیدار بە بابەتی سەرەوە لە روی تیوری یەوە، " واتە راپرسیکردن یانیش وەرگرتنی راوبوچون "[50] تیوری یەکی گرینگی پرسی مافی چەرەیخونوسین یانیش جیابونەوەی نەتەوەکانە لە یەکتر . لە رەوانگەی ئەم تیورەی یەوە جیابونەوە " شەرعی یە" ئەگەر زورینەیەك لە هەرێمێك بریاری جیابونەوە لە دەوڵەتی دایك بدەن، و لە بەردەوامی دا پێداگیری لە سەر ئەوە دەکات هیچ بیانویەك لە بەر دەست نییە بو دەستبەسەرداگرتنی خاك یانیش پێشەلکردنی مافی مرۆڤ. یەکێك لە فاکتەرەکانی کە پشتگیری لە جیابونەوە دەدات بریتی یە لە بوچونی Norman کە ئاماژە بەم رساتی یە دەکات، خواستی جیابونەوەی گروپێك دەشکرێت پەیوەندیدار بێت بە پرسی کولتور وە یا خود هو کارێکی " مێژوی شەرعی " لە بەر دەستی ئەو خەلکە هەبێت کە

---

[46] 82 :1995 ,relliM
[47] Miller, 1995: 85
[48] 114-113 :1995 ,relliM
[49] 86 :1995 ,relliM
[50] The plebiscitary theories

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

داخوازی جیابونەوە دەکەن ( Norman, 2003) [1998]: 37).[51] هاوکات Harry Beran ئاماژە بە "ڕەوشی تایبەت " ی پەیوەندیدار بە جیابونەوە دەکات و ئەویش خوی لە چوارچێوەی " ئەخلاقی جیابونەوە "[52] واتە هوکاری ئەخلاقی جی ابونەوە. بەلام لە هەمان کاتیش ئەو دژی ئەم بیروکەیە بە هێنانە ئارای بیانوبەدەستەوەدان بە دەستی گروپێك کە ویستی جیابونەوەیان هەیە. Beran لە پێناو بەهێزکردنی پێگەی بوچونی خوی بە دروستکردنی هاوسەنگی ناو بەینی" جیابونەوە و وازهێنان /طلاق ، واتە ڕێگەپێدراو بێت بو گروپێك لە ناو سنورێکی دیارکرا، ئەگەر دەوڵەتی دایك رازی بێت . Beran ئەمەی لە روی ئەخلاقی یەوە شیاوی جێبەجێکردن دەبینێت(Beran, 1984:23).[53] بو ئەم مەبەستەش، بە سود وەرگرتن لە ڕەوانگەی دیموکراسی لیبرال و بو ئەوەی جیابونەوە لە روی ئەخلاقی یەوە عادلانە بێت، سێ (3) هوکار دەخاتە بەرچاو . یەکەم. ئازادی، دەوڵەتێکی بونیاتنراو لە سەر بنەماکانی لیبرال پێویستە لە سەری ئامرازەکانی زیادکردنی ئازادی هاولاتی یان لە بەر چاو بگرێت، چونکە پەیوەندی لە ناو بەینی هاولاتی و دەوڵەت لە سەر بنەمایەکی ئازادانە ئیختیاری دروستکراوە، لە کاتێك هاولاتی دەتوانێت بو شوێنێکی دیکە کوچ بکات یانیش ناسنامەی خوی بگورێت و پرسیش دەکات، بوچی ناکرێت هاولاتیبونێکی ئیختیاری "فەسخ "[54] بکرێت. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە پێویست و گرینگە تیوری یەکانی لیبرال سەر لە نوێ شروڤەی یەکگرتووی دەوڵەت بکەن unity of the state. دویەم، سەروەری, سەروەری : دیموکراسی لیبرال خوی بەرپرسیار دەبینێت زەمانەتی سەروەری خەلك بکات کە بونیاتترابێت لە سەر بنەمای مافە ئەخلاقی یەکانی تاکەکان کە ئازادانە بریار لە سەر کوچکردن یانیش گورینی ناسنامەی نەتەوایەتی بکەن. و سێیەم، دەسەڵاتی زورینە، لە گەل ئەم بیروکەیە نییە چونکە ئاماژە بە بونی دیکتاتوری دەکات، چونکە لە بنەرەتدار هەمو کەمەنەتەوەی جیاخواز دژی پرینسیپی دەسەڵاتی زوری نە یە، و هەروەها ئەوە ڕەت دەکات کە جیابونەوە فاکتەرێك بێت بو پەیدابونی ئانارشی (Beran, 1984: 27 ).[55] بێرن ئاماە بەوە دەکات، نابێت ڕێگری لە نەتەوەیەك یان گروپێك بێتە کردن بێ ویستی خوی ببێت بەشێك لە دەوڵەتێك . لە هەمان کاتیش جەخت لە سەر ئەوە دەکات نابێت دەوڵەت دەست بە سەر خاکی کەمەنەتەوەکان دا بگرێت.

بو ئەم مەبەستەش Will Kymlicka بە ئاوێتەکردن یان قەرزکردنی بیروکەی"کولتور وەکو ئامرازێك بە ئازادی تاکەکەسی بابەتەککە دەخاتە چوارچێوەی دیموکراسیبونی سیستەمی سیاسی، هاوکات پێداگیری لە سەر پێکەوگرێد راوی پتەوەی دیموکراسی و عەدالەتی کومەلایەتی دەکات، کە دوو (2) بنەما و بوهای جیانەکراوی یەك نەتەوەن (Kymlicka,1998).[56] لە بەردەوامی خستنەروی بوچی کولتور بەشێکی گرینگە لە Kymlicka ئاماژە رولی کولتور وەکو یەکێك لە کولگەکانی نەتەوایەتی هەر نەتەوە و تاکێك وێنادەکات کە پەیوەندی یەکی بەهێزی هەیە بە پرسی مافی چارەیخونوسینی نەتەوە یان کەمینەکان.

---

[51] Norman, 2003 [1998]: 37
[52] the morality of secession
[53] 23 :1984,nareB
[54] irrevocable
[55] 27 :1984 ,nareB
[56] Kymlicka, W., (1998) Liberalism, Community, and Culture (Oxford University Press, New York, 1989), see also Kymlicka, W., (1995) Multicultural Citizenship (Oxford University Press, New York, 1995

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3. شرۆڤەی پروسەی سەربەخوی کوسوڤو

لە سالی 1459 هەمو سربیا و کوسوڤو بە هوی شەر لە گەل ئوسمانی یەکان، شازادە ی سربەکان بە ناوی "لازار"، ناوچەی ناوبراو کەوتە ژێر رکێفی دەسەڵاتی ئیمپراتوریەتی ئوسمانی وئەمەش بووە هوکاری تێکدانی دیموگرافی یای دانیشتوان بە شێوەیەك کە سربەکان بو باکور، بوسنیا و نەمیا و هنگاریا کوچی یان کرد . لە سالی 1689 لە دژی ئوسمانی یەکان سربەکان شورشی یان بەرپاکرد، بەلام شکەستی هێنا، لە سالی 1978 سربیا بو بە دەوڵەتێکی سەربەخوی تەوا، بەلام کوسوڤو لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتوری ئوسمانی مایەوە. لە سالای 1912 سربیا و دەوڵەت سەربەخوکانی بالکان هاوپەیمانی یەکییان پێکهێنا لە پێناو دەرکردنی ئیمپراتوریەتی ئوسمانی لە ناوچەی بالکان و ئوروپا. بەم شێوەیەش شەر لە ناو بەینی ئالبانیا و سربەکان لە سەر کوسوڤو دەستی پێکرد و لە سالی 1918 هێزەکانی یوگوسلاڤیا دەستی یان بە سەر کوسوڤودا گرت و هەولی نیشتەجێبونی سربی یەکان لە کوسوڤو جولەی گەرمتری بەخویەوە بینی. بەلام لە سالی 1941 کوسوڤو کەوتە ژێر دەسەڵاتی داگیرکاری ئیتاليا کە بە ناوی " ئالبانیای گەورە" ناوزەدکرا، بەلام بەشەکانی دیکە لە لایەن ئەلمانیا و بولگاریاوە داگیرکارن و ئەو هاولاتی سربیا کە نیشتەجێیبوبون، دەرکران. لە کاتی شەری سەربەخوی لە ژێر رێبەرایەتی " ژنرال تیتو" بەلێنی یەکگرتنی " کوسوڤو و ئالبانیا " لە دوای شەری رزگاری بەم دو نەتەوەیە درا ئەگەر هاوشانی تیتو شەری داگیرکەرانی ئاماژە پێکراو( ئیتالیا، ئەلمانیا و بولگایا ) بکەن . بەلام لە سالی 1945 هەمە شتێك لەم بارەیەوە دیار بو، بویە ئالبانی یەکان دەستی یان بە شورش کرد لە دژی یوگوسلاڤیا و تیتو . یوگوسلاڤیا لە دوای جەنگی یەکەی جیهانی لە ژێر ناوی " پاشایەتی سرب، کروات و سلوڤانیا " چوارچێوەی سنورەکانی هاتنە دارشتن و دەستنیشان کردن، و لە سالی 1922 دانپێنانی نێودەوڵەتی بە دەستی هێنا، کە بەشێك بو لە ئیمپراتوریەتی ئوسمانی و نەمسا-هنگاریا. لە 1929 بە پەسەند کردنی ناوی " مملەکەتی پاشایەتی یوگوسلاڤییا" پێڕاسەی خویکرد لە سەر ئاستی جیهان. لە سالی 1941 لە لایەن هێزەکانی ناسراو بە ناوی " Axis powers " وە داگیرکراو، و شورشی دژی ئەم هێزە لە ژێر ناوی یوگوسلاڤیای فدرال و دیموکراتیك شەری داگیر کەرانی کرد و لە سالی 1945 سیستەمی پاشایەتی هەلوەشێنراو و لە سالی 1946 ناوی کوماری فدرالی یوگوسلاڤییای هەلبژارد و لە سالی 1963 ناوەکەی گوری بە ناوی کوماری سوسیالیستی فدرالی یوگوسلاڤیا.[57] هەتا سالانی 1960 دەسەڵاتێکی چەوت و توند کونترولی هەرێمی کوسوڤوی دەکرد ، و لە سال 1974 مافی ئوتونومی لە دەستوری کوماری سوسیالیتی فدرالی یوگوسلاڤیا، بە کوسوڤو بەشخێنرا . لە سالی 1981 بە هوی سەرهلدانی کوسوڤوی یەکان بو جودا بون لە یوگوسلاڤیا، لە لایەن هێزەکانی کوماری فدرالی یەوە بە شێوەیەکی توند وەلامدرانەوە.[58]

لە کوتای سالەکانی 1980 سلوبودان میلوسوڤیج بو بە سەرۆکی پارتی کومونیستی یوگوسلاڤیا و بریاری بەرتەسك کردنی پێگەی یاسایی ( کە خوی لە هەلوەشاندنەوەی ئوتونومی کوسوڤو نێزیك کردبو ) کوسوڤوی لە سالی 1989 دەرکرد، کە بەشێك بو لە ریفورمی ئیداری و دەسەڵاتداری لە کوماری سوسیالیستی فدرال ی یوگوسلاڤیا . ئەم هەلسوکەوتی میلوساڤیچ و هەلوەشانەوەی یوگوسلاڤیا لە یەکتر لە دوای سالی 1990 و دەرکەوتنی شەر و پێکدادان لە ناوچەی بالکان، کە بە ناوی " تەنگەژەی بالکان" هاتوتە ناوزەدکردن. پەیوەندیدار بە پرسی کوسوڤو لە دوای بریاری میلوسوڤیچ هەتا روژی بریاری س ەربەخوی لە سالی 2008/2/17، شەر و پێکدادنێکی توند و تیژ لە ناو بەینی هێزەکانی دەوڵەتی سربیا و سربی یەکانی دانیشتوی کوسوڤو

---

[57] the Socialist Federal Republic of Yugoslavia (SFRY)
[58] Stavrianos, L.S., (2000) The Balkans Since 1453. *C.Hurst & Co. Publisher Ltd. London, UK.*

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و كوسوڤوی یەكان بەردەوام بو. بە هوی توندوتیژی شەر و پێكدادان كومەڵگای نێودەوڵەتی و ناتو دەستوەردانی كرد كە بووە هوكاری شەركردن لە گەل دەوڵەتی سربیا لە پێناو رێگریكردن لە جینوسایدی خەلكی سڤیل لە لایەن هێزەكانی سربیا، كە دوای بە ناوی " جینوسایدی بالكان " ناوی دەركرد، شەرعی یەت بە هێرشی ناتو درا . هەروەها بریاری 1244 بەرواری 10 /1999/7 ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان لە پێناو چ ێگیركردنی هێزی سەر بە نەتەوەیەكگرتووەكان و بەرێوەبردنی ئیداری كوسوڤو لە ژێر چاودێری نەتەوەیەكگرتووەكان . هەروەها بریاری یەكێتی ئوروپا ناسراو بە " نێردراوی یەكێتی ئوروپا لە پێناو چەسپادنی رولی یاسایی لە كوسوڤو[59] لە ژێر چوارچێوەی بریاری 1244ی ئەنجومەنی ئاساێشی نەتەوە یەكگرتووەكان.[60]

كوماری سوسیالیستی فدرالی یوگوسلاڤیا بەر لە هەلوەشانەوەی پێكهاتبو لە 8 پێكهاتە كە بریتی بو لە 6 كومار/دەوڵەت واتە سربیا، كرواتیا، سلوڤانیا، مونتنێگرو، مەكەدونیا و بوسنیا -هێرزێگوڤینا، و 2 هەرێمی ئوتونومی بریتی لە كوسوڤو و ڤوژڤودینا. هەردو هەرێمی ناوبراو لە دوای گورانكاری یەكانی دەستوری لە سالی 1974 پێگەی هاوبەشی یاسایی یان بو دەستەبەر دەكرێت هاوشانی 6 كوماری پێكهاتەی كوماری سوسیالیستی فدرالی یوگوسلاڤیا .[61] لە فدراسیونی یوگوسلاڤیا هەرێمە ئوتونومی یەكان وەكو دەولەتەكان خاوەن سەروەری نەبون، بەلكو لە ژێر دەسەڵاتی یەكێك لە 6 دەوڵەتی پێكهاتەی فدراسیونی یوگوسلاڤیادا بون، و بەم هویەش مافی جیابونەوەیان نەبو ئەویش بە هوی ئەوەیلە روی یاسایی یەوە دەستەبەر نەكرابو. بە گوێرەی یاساكانی فدراسیونی یوگوسلاڤیا، هەرێمە ئوتونومەكان لە بەر ئەوە ئەم مافەیان پێدرابو،چونكە ئەو خاكە بە هی ئەوان نەدەزانرا و بەلكو وڵاتە سەرەكی یەكەیان لە شوێنێكی دیكە بو، واتە ئەوان ئاوارە بون بو نمونە كوسوڤی یەكان وەكو نەتەوە بە نەتەوەی ئالبانیاوە گرێدرابو و هەرێمی ڤوژڤودینا بە هنگاریاوە . بویە مافی جیابونەوەیان نەبو چ ونكە ئەوان خاوەن خاكەكە نەبون. بە پشتبەستن بە بەلگەنامە مێژوی یەكان، خاكی كوسوڤو بەشێكە لە خاكی سربیا.

### 3.1. هەلسوكەوتی كومەلگای نێو دەولەتی

لە دوای سالی 1989 و هەڵوەشانەوەی بلوكی كومونیزم، لە یوگوسلاڤیا قوناغی دوویەمی بزاڤی رزگاریخوازی كوسوڤویەكان دەستی پێكرد بو بەدەست هێنانی سەربەخوی لە یوگوسلاڤیا بە رێكخستنی بەرەی دیمكراتی كوسەڤو[62] هەستا بە دروستكردنی حكومەتێكی هاوتەریب بە تایبەتی لە بوارەكانی باج و پەروەردە لە ناوخوی هەرێمی ئوتونومی كوسوڤو . شێوازی خەباتی بەرەی دیموكرات بریتی بو لە خەباتێكی مەدەنی یانە و دور لە توندوتیژی، كە بو ماوەی چەندین سال خەباتەكەی بەردەوام بو . دوای بێ هیوایەتبون لە پێشكەوتن لە ئارمانجەكانی یان و پەرەسەندنی توندوتیژی نەتەوەپەرەستە سربەكان، لەشكەری ئازادی كوسوڤە بە ناوی[63] بە پێی راپورتی كومیسیونی سەربەخوی نێودەوڵەتی تایبەت بە كوسوڤو[64] سیاسەتی سربیا

[59] the European Union Rule of Law Mission in Kosovo (EULEX)
[60] What is EULEX? [Online]https://web.archive.org/web/20141223075446/http://www.eulex-kosovo.eu/en/info/whatisEulex.php. [Accessed Oct. 15, 2017].
[61] Huntington, Samuel P. (1996). The clash of civilizations and the remaking of world order. Simon & Schuster. p. 260.
[62] League for a Democratic Kosovo (LDK)
[63] Kosovo Liberation Army (KLA)
[64] The Independent International Commission on Kosovo

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە بەرمابەر بە خەلکی کوسوڤو " ئەنفالکردن یان پاکتاوی کەمەنەتەوەی " لێدەهات . ئەمەش بووە هوی پێکهێنانی هێزێکی نێودەوڵەتی لە لایەن دەوڵەتانی سەر بە ناتو بو ئەوەی رێگری بکەن لە هەرە شانەبو سەر خەلکی سیڤیل و لە ماوەی شەری ناتو لە دژی سربیا بە ناوی ئوپەراسیونی هێزی هاوپەیمانان[65] بو پاراستنی کوسوڤی یەکان نێزیکی 90% خەلکی کوسوڤو ئاوەرەبوبون . کێشەی کوسوڤو لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە پێی بریارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەوە کان 1160,1199, and 1203 سالی , ,1998 لە ژێر بەشی هەوتەم Chapter VII بریاری ناساندنی کێشەکە وەکو "تێکدەری بواری ئاسایشی نێو نەتەوەی " و " رێگرتن کارەساتی مرۆڤ "و هەرچەندە بە کارهێنانی هێزی راستەوخو ( مەبەست هێزی لەشکەری زەمینی ) بە هوی رەچاوکردنی پێگەی روسی ا لە ئەنجومەنی ئاسایش و تایبەتی مافی ڤێتو شکەستی خوار، بەلام ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی یەکان لە 24 ئاداری 1998 لە لایەن نNATO وە یەکەمین هێرش کرایە سەر یوگوسلاڤیا ( Public International Law, 2008).[66]

پەیوەندیدار بە کوسوڤو، بریارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەسەڵاتی بە ناتوی نەدا و نەشیدابو هەلستێت بە هێرشکردن سەر سربیا. لە رەوانگەی یاسا و پرینسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هەلسوکەوتێکی وەها کێشەیەکی یاسایی و سیاسی یە، هەر چەندە سەبارەت بە کێشەی کورد لەعێراق، نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو مافەی بە دەوڵەتانی هاوپەیمانان نەدابو، بەلام هێزەکانی پاراستن بە تایبەتی ئەمریکا ئەو رێگایەی بەخو دا کە هێز لە دژی عێراق بە کار بهێنێت بو پاراستنی گەلی . لە لایەکی دیکەوە دەوڵەتانی ئەندامی ناتو لە شرۆڤەکردنی بەندە یاسای یەکانی بریاری نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەیان بەوە دا، ناتو نیونەرایتی هەلسوکەوتی کومەلێك دەوڵەت دەکات کە دەنگی یان بە بریارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان داوە، بە تایبەتی بریارەکانی ژمارە 1160, 1199 and 1203 کە ئاماژە بە بەکارهێنانی هێز دەکات لە لایەن هێزەهاوپەیمانەکانەوە لە ژێر ناوی " بەکارهێانی دەسەڵاتی شاراوە بو بەکارهێنانی هێز" و هەروەکو لە بابەتەکەدا هاتوتەوە ئەم هەلسوکەوتە "پێویست بوون تا زیاتر ئامانجەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بەدی بهێنرێت." بەلام، بەشی پێنجەم Chapter VII ئاماژە بە " پێویستی" هەبونی رەزامەندی دەسەڵاتداری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات بو بەکارهێنانی هێز، لە لایەکی دیکەوە بە هوی تایبەتمەندی کێشەکان مادەی 51 " دەستەبەر دەکات بۆ هەڵاوێردنەکە " ئاماژە بە هەلسوکەتی دەوڵەتان دەکات کە مافی ئەوەیان هەیە یەکلایەنە ۋانیش پێکەوە بو بەرگریکردنی لە خویان هێز بەکار بهێنن هەتا ئەو کاتەی ئەنجومەنی ئاسایش گەیشتوتە بریارێك بو بەرقەرارکردنی ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی.

هەروەها کومەلێك لەو دەوڵەتانەی لە کێشەی کوسوڤو، بەشداری ناتویان وەکو هێزێکی نەتەوەی، بە بابەتێکی وەکو " کاریگەری ئەمری واقیع لە پێدانی دەسەڵات بە ئەنجومەنی ئاسایش" بو یەکەمین جارە بابەتێکی گرینگ وەکو کێشەی کوسوڤو دەکەوێتە ژێر چەتری پاراستنی بریاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێناو یەکلای کردنەوەی پێگەی یاسایی شەری کوسوڤو کە بریاری 1244 کە بە ناوی " بریاری ئەنجومەنی ۋاسایش دوای شەر"و تایبەتمەندە بە ئاوەدانکردنەوەی کوسوڤو لە روی سیاسی، ئابوری و دامودەزگای بەرێوبەرایەتی وڵات لە لایەن دەوڵەتانی بەشدار لە شەر دا . لە دوای شەر یوگوسلاڤیا بەشداری لە رێککەوتنامەی ئاشتی کرد و لە ژێر دەسەلاتداری رێککەوتنامەکە یوگوسلاڤیا " وازی لە سەروەری کوسوڤو " واتە کوتای بە "

[65] Operation Allied Force
[66] Public International Law (2008) An Introduction To Public International Law For Studens; [Online] https://ruwanthikagunaratne.wordpress.com/2013/06/02/kosovo-declaration-of-independence/

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەروەری" هێنا. سەبارەت بەوەی بوچی ناتو بەشداری لە شەری دژی کوسوڤو یانیش پاراستنی کوسوڤوی کرد، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئالمانیا ئاماژە بە کوسپەکانی بەردەم نەگەیشتن بە رێگە چارەسەری یەکی گونجاو دەکات، کە مەبەست لە روی سیاسی یەوە، ئەمە گونجاو نەبو، کە لە هەمان کاتیش وەزیری دەرەوەی بریتانیا ئاماژە بە کەش و هەوای سیاسی جیهانی ئەوکاتی وەکو فاکتەرێکی بەهێز بو دانپێنان بە سەربەخوی کوسوڤو ناودەبات کە بە گوێرەی ناوبراو بریتی یە لە " ئاشتی و ئاسایش فەرمانی ئەمروکەن " لە سیاسەتی جیهان ێ(Vallely, P., 2000 ).[67] لە بابەتێکی رەخنە گرانە سەبارەت بە کێشەی کوسوڤو و سربیا Gerard M. Gallucci دیپلوماتی خانەنشینکراوی ئەمریکی خاوەن ئەزمون لە قەیرانەکانی جیهانی بە تایبەتی کێشەی وڵاتانی جیهانی سێیەم، کە هاوکات ئەرکەکانی وەکو نیونەری هەرێمایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کوسوڤو 2005-2008 و سەرۆکی نێردرەوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە " تیموری روژهەلات" 2008-2010 ی لە ژێر دەستی بو، رەخنە لە سیاسەتی وڵاتانی ئوروپا و یەکێتی ئوروپا دەگرێت و ئاماژە بەوە دەکات، ئەوان نەیانویست لە گەل بەشی ئوسمانی یوگوسلاڤیا دەستەویەخە گەرم بکەن، هەروەها رەخنەش لە ئەمریکا دەگرێت بەوەی لە دەستپێکەوە نەهاتە پێش بو ئەوەی رێگری لە کارەس اتی بالکان بگرێت و قەیرانەکەی بو ولاتانی ئوروپای جێهێشت. بە پێچەوانەشەوە ئوروپا کێشەکانی بو نەتەوەیەکگرتووەکان و ناتوی جێهێشت بە تایبەت بو بەگژداچونەوە لە گەل سلوبدان میلوسوڤیچ سەرۆکی سربیا، بە تایبەتی لە کێشەی کارەساتە مروڤایەتی یەکان کە رویاندا و بووە هوی پاکتاوی رەگەزی. هەروەها ئاماژەش دەکرێت سربەکان هەستی یان بە گرینگی کردنەوە دەرگایەکی تازە لە گەل کوسوڤو و ئوروپایان نیشانداوە و بو ئەم مەبەستش ئامادەی خویان نیشانداوە بە بون بە ئەندامی یەکێتی ئوروپا و بو ئەم مەبەستە دانوستاندن بکەن. ئوروپاش چارەسەرکردنی کێێشەی کوسوڤو بەلایەوە گرینگە . هاوتەریب ئەمریکاش هەولی زوری داوە و چیدیکە تەحەمولی هەلسوکەوتە نابەجێەکان لە کوسوڤوی یەکان ناکات کە ببنە هوکاری سەرکێشە و دروستکردنی کەش و هەوای ناجێگری ئاسایشی لە دەڤەرەکە(M. Gallucci, G., 2015).[68]

بە گوێرەی Miao Zhang تایبەت بە پێگەی یاسایی کوسوڤو لە رەوانگەی یاسای نێودەولەتی و یاسایی ئورووپی، سەبارەت بە پرسی مافی چارەیخونوسین ئاماژە بە پێویستی خوێندنەوەی ئەم چەمکە لە دو (2) بابەتی پەیوەندیداری یاسایی و سیاسی جیهان یەوە دەکات: یەکەم، دەگەرێتەوە بە ئەو پرسە لە رەوانگەی یاسایی نێو دەوڵەتی، تایبەتمەند بە " کولونی" کردنی نەتەوەکان لە لایەن وڵاتە ئیمپراتوری یەکانی ئوروپاوە . لە ژێر روشنای ئەم یاسایەو و پابەند بونی دەولەتان بە بنەماکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و بریارەکانی دادگای نێودەولەتی، زیاتر لە 100 نەتەوە و دەولەت لە سەدەی رابوردو بە جێبەجێکردنی یاسای نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە (XV) 1514 پەسەندکراوی 15 کانونی دویەم 1960 لە خوارەوە ئاماژە پێکراو مافی چارەیخونوسین و سەربەخوی خویان بە دەست هێنا. واتە لە ژێر رێکێڤی دەسەڵاتدارە کولونیالیستەکانی ئوروپا رزگاریان بو، کە پەیوەستە بە دیارکیکردنی مافی چارەخونوسین لە رەوانگەی بریاردان لە مافی چارەیخونوسین تایبەت ئاماژە پێکراو لە بەلاغی کوتای ئەنجومەنی نەتە وەیەکگرتووەکان لە بەرواری "1960، 14 Dec of (XV) 1514". دویەم، ئەم قوناخە لە سالەکانی

[67] Vallely، P., (2000) The Big Question: Why Are So Many Countries Opposed To Kosovo Gaining Its Independence? http://www.independent.co.uk/news/world/europe/the-big-question-why-are-so-many-countries-opposed-to-kosovo-gaining-its-independence-783977.html 19 Feb .2000

[68] M. Gallucci, G., (2015). Leaving Serbia and Kosovo to settle things themselves? http://www.transconflict.com/2015/05/leaving-serbia-and-kosovo-to-settle-things-themselves-185/18. MAY 2015

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1980 و 1990 دەستی پێکرد، تایبەتە بە قوناخی کوتای هاتنی شەری سارد، کە یەکێتی سوڤیێت و بلوکی کومونیست هەرەسیان هێناو و لەم رویەش زورێك لە نەتەوەکان بونە خاوەن کیانێکی سەربەخوو. بویە، بە دیتنی Miao Zhang ئەم بابەتە ئاماژە بە پروسەی " دوای کولونیالیزمی " دەکات و پرسی کوسوڤوش وەکو نمونەیەکی زەق و بەرچاوی ئەم پروسەیە ناوزەد دەکاتZahang, Miao.[69] وەکو بەرفراوانکردنی ئەم بابەتە، ئاماژەکردنێك بە پێویست دێتە دیتن، ئەویش ئەوەی میاو ژانگ لە کوتای دا وەکو رەوانگەیەك دەخاتە بەر دەست، دەکرێت بە پروسەی جیهانگەرایی ەوە ببەسترێت کە لە دوای روخانی دیورای بەرلین بە شێوەیەکی بەرفراوان لە سەر ئاستی جیهان پێشڤەچونێکی گرینگی بە خویەوە بینی لە بوارەکانی سیاسی، ئابوری، کولتوری و هەروەها بە جیهانی بونی ئەم بابەتانە. بە گوێرەی Louise Arbour نە مافی چارەخونوسین نەش پرینسیپی " یەکگرتووی خاك" دەتوانن ببنە هوی وەلاتانی یەکتر، بەلکو تەنیا لە رێگای تێگەیشتن و ئەویش پروسەیەك کە بتوانێت رێگری بکات لە "کێشە جیاخوازی ". بریاری 22 تەمموزی 2010 ی دادگای ICJ بریارێکی " ئێلزامی " نییە، ئەمە لە کاتێك دایە بە گوێرەی کە بریاری یەکلایانەی سەربەخوی کوسوڤو لە دژی یاسا نێو دەوڵەتی یەکان نییە (Arbour, L., 2010).[70] لە هەمان کاتیش دادگا ئاماژە بە دەرهاوێشتەکانی بریارەکەی نەداوە، لە لایەکی دیکەوە هیچ ئاماژەیەکیش بو " ئاستی دانپێنانی نێو دەولەتی" نەکراوە.

Louise Arbour ئەوە دەدرکێنێت، هەر کاتێك لە یاسا دا پرینسیپێك کەوتە ژێر پرسیار یانیش پرینسیپەکان کێبەرکێی یەکتریان کرد، ئەوا دەبێت لە رەوانگەی یاسایی یەوە "شروڤە"یەکی وەها بێتە کردن " کە رێژەی ئاستی کاریگەری زیاد بکات " لە سەر لایەنەکان، واتە، پرسی سنور، لە روی پرینسیپی یەوە لە کێشەی کوسوڤو پەیوەندیدارە بە بابەتێکی دولایەنەی دو دەوڵەتی سەربەخوی سربیا و کوسوڤویە. بە بروای ناوبراو ICJ چاودێری یەکی گرینگی ئەنجام داوە لەم رویەش کە ئەویش تایبەتمەندە بە پرینسیپەکان " یەکگرتووی خاك " کە ئەمەش بابەتێکی پەیوەندیدارە بە دەوڵەتان . هەروەها ICJ ئاماژە بەوە دەکات خەلکی کوسوڤو بە گشتی مافی ئەوەیان هەیە دەوڵەتێکی سەرەبەخوی خویان دروستبکەن، لە بەر ئەو چوارچێوە مێژوی کە کوسوڤو هەیەتی. بویە، هەروەها دەبێت ئاماژە بێتە کردن، پرسی جیابونەوە دەبێت بە شێوەیەکی دیموکراتی یانە بریاری لە سەر بێتە دان، هەروەك چون لە مونتێینێگرو و باشوری سودان کرا. لە لایەکی دیکەوە فدراسیونی یوگوسلاڤیا رێگری لە خەلکی کوسوڤوی کردبو لە بواری دیارکردن و جێبجێکردنی مافی چارەیخونوسین. ئەمەش هوکارێکە کە لە لایەن کومەلگای نێودەولەتی یەوە پشتگیری لە بریاری کوسوڤو و خواستی خەلکی کوسوڤو دکرێت لەم بوارەوە. ئەم بریارەی کوملگای نێودەولەتی ئاماژەیەك کە لە روی سیاسی یەوە پشتگیری نێودەولەتی گرینگە بو پێنگاوی یەکەم و دوای قوناغی بریاری سەربەخوی، بە دەر لە بابەتە یاسای یەکانی کێشەکە، کە لێرە ئاماژە بە " نکوڵی کردنی دەسەلاتی بێلگراد ( سربی ) دەکات لە رێگریکردن و زەوتکردنی مافەکای سیاسی،

[69] Zahang, M،. (2008) The legal status of Kosovo. P. 12.

**[70] Arbour, L., (2010) Self-Determination and Conflict Resolution: From Kosovo to Sudan. http://www.crisisgroup.org/en/publication-type/speeches/2010/Louise-Arbour-self-determination-and-conflict-resolution-from-kosovo-to-sudan.aspx. 22 Sep 2010.**

ئابووری، کەلتووری و مافی کۆمەڵایەتی خەلکی کوسوڤو، کە مەبەستی خەلکی کوسوڤو تاقیکردنی ماف بووە لە پێناو دیارکردنی چارەنوسی داهاتوی سیاسی خویان لە پێناو دانپێنانی دەرەکی " (Arbour, L., 2010).[71]

ئەوەی زور گرینگە لێرە ئاماژە پێبکرێت، ڕەوانگەی ئەمریکایە کە دەستنیشانی هەندێك " ظروف و حالەتی " تایبەتی پەیوەندیدار بە کوسوڤو دەکات، و ئەمانەش هوکاری سەرەکین بو ئەوەی ئەمریکا بریاری وەرگرت لە دانپێنان بە سەربەخوی کوسوڤوی، یەکەم، نەبونی کەش و هەوای " تەوافوق" لە پێناو هەلوەشاندنەوەی دەوڵەتی فدرالی یوگوسلاڤیا. دویەم، دەرکردنی 7 قەرار لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ناوبەینی 1993-1997. سێیەم، توندوتیژی بێ هاوتای دژی مرۆڤایەتی، ڕژێمی میلوسوڤیچ وەکو بێ ڕێزی بە بریارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش دەهاتە دیتن . چوارەم، هەلسوکەوتی ڕژێمی میلوسوڤیچ لە کوسوڤو، کە بووە هوکاری ناسەقامگیری نێونەتەوەی و ئاوارەبونی خەلك بو دەوڵەتانی جیران . پێنجەم، ڕێککەوتنی ناتو و 19 دەوڵەتی هاوپەیمان لە سالی 1999 لە پێناو بەکارهێنانی هێز لە دی ڕژێمی میلوسوڤیچ . شەشەم، بریاری بەرێوەبردنی کوسوڤو لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ژێر بریاری ئەنجومەنی ئاسایشی 1244 بە تەوافوق و بریاری دروستکردنی بەرێوبەرایەتی ناوخو لە ژێر چەتری نەتەوە یەکگرتووەکان بو دەستنیشانکردنی " پێگە و کەسایەتی " داهاتوی کوسوڤو( US Department of State).[72]

بە دیتنی J.A Frowein لە Alexander Orakhelashivli (2008)بابەتێکی دیکە دێتە ئارا، ئەویش چەند و چونیەتی یاسای نێودەولەتی یە کە چون هەلسوکەت لە گەل کیانی دیفاکتو. بابەتی سەرەکی و یاسایی پەیوەندیدار ئەوەیە بو شروڤەکردن دەبێت چاودێری پەیوەندی کیانی دیفاکتو و دەوڵەتی دایك بکرێت کە ئامادە نییە دان بە سەربەخوی کیانی دیفاکتو دا بنێت، بویە لەو بڕوایەدایە سەربەخوی کوسوڤو لە گەل هیچ یەك لە بنەماکانی یاسای نێو دەوڵەتی ناگونجێت و ئەمەش ئاماژە بەوە دەکات کە کوسوڤو هیچ کام لە پرینسیپەکانی یاسایی نێو دەوڵەتی هەمبێز ناکات. بویە ئەگەر لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتی " تەوافوق " لەم بوارەدا، بە تایبەتی بو جیاکردنەوەی خاکی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری و ڕاگەیاندنی سەربەخوی، و دیسانەوە هەندێك دەوڵەت هەن ئاماژە بە "هەلوێستی" هاوشان لە گەل یاسا نێودەوڵەتی یەکانە. لەم بوارە " مەوقف و سلوك " فەرز دەکات سەر لە نوێ بنەماکانی " یاسا نێودەولەتی یەکان " بێنە شروڤەکردن، سەرە رای ئەم ڕاستی یە کە لە ناو کومەلگای نێودەوڵەتی " تەوافوق ویەکگرتووی " یە لەم بوارەدا نییە، بەلام دەبێت هەول بدرێت . بویە، ئەوەی یاساکانی یەکێتی ئوروپا و دەوڵەتانی ڕوژئاڤا بەرامبەر بە کوسوڤویان کرد، هەلسوکەوتێکە کە سەرەچاوەی لە " ئایدولوژی " ئەوانەوە دابەزیوە ( Orakhelashivl, A., 2008: 20-24).[73]

[71] **Louise Arbour (2010) Self-Determination and Conflict Resolution: From Kosovo to Sudan. http://www.crisisgroup.org/en/publication-type/speeches/2010/Louise-Arbour-self-determination-and-conflict-resolution-from-kosovo-to-sudan.aspx. 22 Sep 2010**

[72] US Department of State, Why Kosovo is different.

[73] Orakhelashivli, A.,(2008) Statehood, recogniton and the united Nations System: A unilateral Declaration of Indepdence in Kosovo. Max Planck UNYB 12 (2008). Pp.20- 24

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3.2 کوسۆڤۆ لە ژێر بەڕێوبەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان

بابەتێکی دیکە ئاماژە پێکراوە ئەوەیە، لە چارەسەرکردنی کێشەی جیابونەوەی کوسوڤۆ لە لایەن کومەلگای نێودەوڵەتی یەوە گرینگی بە بابەتێکی " دوو کێش دوو پێوانە /هەلسەنگاندن " دراوە، کە لێرە مەبەست لێی پاراستی بەرژەوەندی وڵا تە زلهێزەکانەوە هەیە. واتە بابەتەکە پەیوەندی بە سیاسەتی جیهانی و گرینگی ناوچەکەوە هەیە. بویە، یەکەم، چارەسەرکردنی کێشەینەهامەتی مرۆڤایەتی بە پشتبەستن بە بریاری ئەنجومەنی ئاسایش 1244 بەرواری 10 حوزێرانی 1999.دویەم، راوەستاندنی هەمو جورە هێرشی گروپە چەکدارەکان وەکو هێزی ئازادی کوسوڤو و گروپە چەکدارەکانی ئالبانی بە پێی "رێککەوتنی تەکنیکی لەشکەری" پەسەند کراوی 9 حوزێران 1999. سێیەم، بلاوەپێکردنی هێزی سەر بە ناتو لە کوسوڤۆ بە پێی بریاری رێککەوتنی تەکنیکی لەشکەری. چوارەم، شکەستی گوتگوکانی ناوبەینی بلگراد و پریستینا، سەبارەت بە دیارکردنی " کەسایەتی، کیان"ی کوسوڤو. پێنجەم، دادگای نێونەتەوەی گەیشتە ئەوە دەرئەنجامە، کە هیچ " ناسازگاری یان ناتەبایی " لە ناو بەینی بریاری 1244 و بریاری یەکلایەنەی جیابونەوەی کوسوڤۆ" دا نییە.، شەشەم، دادگا گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە یاسایی نێو دەوڵەتی بریاری یەکلایەنەی جیابونەوەی " ممنوع" نەکردوتەوە، بێ ئەوەی مافی یاساییش هەبێت، کە لە دەقی تێکستەکەدا وەها هاتوتەوە" لە رەوانگەی زمانەوانی یەوە، ئەمە دێتە واتەی کە لێرە هیچ یاسا/بریارێکی نوێ لە بەردەست نییە و هیچکاتێك بریارێك لە بەر دەست نەبوتەوە کە رێگری بکات لە بریاری راگەیاندنی تاکلایەنەی بێ هەبونی مافی یاسایی ". لە بەردەوامی دا ئاماژە بەوە دەکات بەم شێوەیە " بریاری راگەیاند نی سەربەخوی بەرواری 17 شوباتی 2008 دەبێت لە چوارچێوەی "چوارچێوە/ئەمری واقعی هەنوکی" کە رێگەخوشکەربو بۆ جێبەجێکردنی (Garant. P., 2010) .[74] هەروەها جێگای ئاماژە پێدانە بە بریارێکی حکومەتی سربیا تایبەت بە هەلوەشاندنەوەی حکومەتی کوسوڤو و وەرگرتنی دەسەڵاتەکان ل ە حکومەتی ناوبراو لە 5-7 مانگی تەمموزی سالی 1990.

لە 2007 بو چارەسەرکردنی " کیان "ی کوسوڤە، بابەتەکە لە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایش نەتەوە یەکگرتووەکان، بە پشت بەستن بە پلانی پێشکێشکراو لە لایەن نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان Marti Ahtisaari، واتە نێردراوی ن ەتەوە یەکگرتووەکان وەکو ئامرازێك بەکار هێنراوە لە ناوبەینی پایتەختەکان بە تایبەتی دەولەتە زلهێزەکان و لە ترافیکی دیپلوماسی هەولی رێکخستن و نێزیککردنی بوچونەکانی سیاسی دەوڵەتان، بەر لەوەی بیرووچونی نەتەوە یەکگرتووەکان بدرکێنێت . بە پشت بەستن بە پێشنیار و را پورتی مارتی ئەهتیساری، کوسوڤۆ لە 17 شوباتی 2008 یەکلایەنە بریاری سەربەخوی و جیابونەوەی لە سربیا راگەیاند. بریارەکەش لە لایەن دەوڵەت و حکومەتی سربی یاوە بە بریارێکی نایاسایی ناساند . یەکێك لە هوکارەکانیش ئەوە بو کە ئەمریکا پشتگیری یەکی بەرچاوی لە پلانی ئەهتی ساری دەکرد لەم بوارەوە و پێداگیری دەکرد کە ئەم پلانە ببێتە بنەمای دان پێنان بە سەربەخوی کوسوڤو (Department of State document, Kosovo`s final status).[75] بەلام روسەکان پێداگیری یان لە سەر ئەوە دەکرد کە سەربەخوی یەکە و دانپێنانەکە دژایەتیکردنی بریاری 1244ی ئەنجومەنی ئاسایش و پرینسیپەکانی Helsinki Act دەکات، بە پێچەوانەوە یاسای بونی راگەیاندنی سەربەخوی کوسوڤو بو یاسایی سالی

[74] Garant. P., (2010) Limitations on the right to secede The advisory opinion of the International Court of Justice on Kosovo and the stability of federations. The Federal Idea, November 2010. http://www.ideefederale.ca/wp/wp-content/uploads/2010/12/kosovo-eng-15nov.pdf. P.4

[75] Department of State document, Kosovo`s final status: A key to stability and prosperity in the Balkans. http://2001-2009.state.gov/r/pa/scp/2008/99611.htm. January 23, 2008.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1974 فدراسيونی یوگوسلاڤیا دەبەستریتەوە کە مافی ئوتونومی بە کوسوڤو رەوا بینیەوە. هاوتەریب بە گوێرەی هەمان یاسا، کوسوڤو مافدارکراوبو کە نیونەری لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی فدراسیونی یوگوسلاڤیا دا هەبێت و هەروەها دەسەڵاتی ئەوەش پێدرابو یاسایی تایبەت بە هەرێمی ئوتونومی کوسوڤو دارێژێت . و بە هوی تێکچونی یوگوسلاڤیا و گرتنەدەستی دەسەڵات لە لایەن میلوسوڤیچ، ئەم دەسەلاتداری یە هەلوشێنراو و ئەمەش بووە هوی دەستپێکردنی شەر و ناکوکی نێوان سربیا و کوسوڤو . لە هەمان کاتیش لە سالی 1990 " ئالبانی"یەکانی ئەندام پارلەمانی کوسوڤو "بریار "ێکییان لە پارلەمان تێپەراند و سەربەخوی کوسوڤویان راگەیاند، ئەمە لە کاتێك دایە کە نێزیکەی سالێك دوای ئەم روداووە، لە گشتپرسی یەك کە بو سەربەخوی رێکخرابو، 99% کوی گشتی بەشداربونای 87% خەلك دەنگی بەلێ یان بو جیابونەوەی کوسوڤو دا (Fierstein, D., 2008 ).[76]

بە بوچونی Crawford بو دروستکردنی دەوڵەت پێویستی بە دانپێدانان نییە، ئەم رەوانگەیەش رەنگە هوکاری خوی هەبێت، وەکو دەولەتی دیفاکتو، یانیش هاوشێوەی دەوڵەتی تایوان و هتد لە سەر ئاستی جیهان، کە هەمو تایبەمەندی یەکانی دەوڵەتی یان هەیە، کومەلگای نێو دەوڵەتی هەلسوکەوتی یان لە گەل دەکات، بەلام خاوەن پێگەی یاسایی دانپێدانراو (de jure ) نیین (Crawford, J. R. (2006) : 93 ) .[77] لە لایەکی دیکەوە بە گوێرەی عورفی یاسایی و سیاسی جیهان بو ئەوەی کە " سەربەخوی یان استقلال "statehood " عەمەلی و فعلی بێت، ئەوە دانپێنانی وڵاتانی جیهان پێویستی یەکی سەرەکی یە (Dugard, J. & Raic, D., 2000: 472).[78] بابەتێکی دیکە رەنگە زور گرینگ بێت ئاماژە پێبێتە کردن، ئەویش بونی هێزی بێگانە بو لە سەر خاکی کوسوڤو هە بەر لە راگەیاندن و دوای راگەیاندنی دەوڵەتی سەرەبەخو. سەبارەت بە پێشنیاری هەمەگیری نێردراوی نەتەوە یەکگرووەکان، سەرۆکی پێشوی فینلەندیا Aht i saar i تایبەت بە چارەسەرکردنی پرسی "رێککەوتنی پێگەی کوسوڤو" رێنمای پرینسیپەکانی گروپی پەیوەندیدار ناسراو بە "بنەماکانی پرینسیپەکانی گروپی پەیوەندیدار "[79] تەکەز کراوە پرسی سەربەخوی" یانیش دیارکردن و دەستنیشانکردنی " کیانی" کوسوڤو " دەبێت ئاسایش و جێگیریی هەرێمی بەهێز بکات . بەم جۆرە، ئەوە کوسوڤوە دڵنیا دەکات ناهێتەوە بۆ رەوشی پێش بارودوخی ئاداری 1999. هەر چارەسەری یەك کە یەك لایەنە ئەنجامبدرێت لە بەکارهێنانەوەی هێز، ناگونجاو دەبینرێت . هەروەها پەیوەندیدار بە گورانکاری لە ناوچەی ئێستای کوسوڤو، نابێتە هوکاری ئەوەی کوسوڤو دابەش بکرێت، یان لە گەل ولاتانی دەوروبەر یەکبگرێت، بویە دەبێت رێز لە سەروەری ولاتانی هەرێمایەتی و کار بو دابینکردنی ئاسایشی هەرێمایەتی بێتە کرن "(Letter dated 10 November 2005 from the President of the Security (Council addressed to the Secretary-General.[80]

هوکارەکانی ئاماژە پێکراون بو دروستکردن و راگرتنی بەهێزکردنی ئاسایشی هەرێمایەتی یە و هەروەها یەکنەگرتنی کوسوڤو لە گەل کیانێکی دیکە لە پێناو راگرتنی بالانسی هێزە، کە تایبەتمەندی خوی هەیە و پەیوەندیدار بە پرسی ئاسایشی هەرێمایەتی و بەشێکی سەپێنراوە لە یاسای و رێککەوتنی نێودەوڵەتی سەبارەت بە پێگەی سیاسی کوسوڤو. لێرە مەبەستی یەتی

---

[76] Fierstein, D., ( 2008). Kosovo`s declaration of indepdence: an incident analysis of legality policy and future implications. Boston University International Law journal, Vol. 26, No. 417. P. 421.

[77] Crawford, J. R. (2006). The Creation of States in International Law. Oxford University Press. P. 93

[78] Dugard, J. & Raic, D., (2000) Statehood and the Law of Self-determination. pp. 98-99.- p. 427.

[79] Letter dated 10 November 2005 from the President of the Security Council addressed to the Secretary-General, UN Doc S/2005/709, 10 November 2005, Annex.

[80] Letter dated 10 November 2005 from the President of the Security Council addressed to the Secretary-General, UN Doc S/2005/709, 10 November 2005, Annex. P.6

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کوسوڤوی یەکان ناتوانن لە داهاتودا لە گەل دەوڵەتی ئالبانیای هاوەرەگەزیان یەکگبگرن . هەر چەندە بە پێی یاسا نێودەوڵەتی یەکان ئەمە ڕێگە پێدراوە، بەلام لێرە پەسەند کردنی ئەم دەقە لە لایەن سیاسەتمەدارنی کوسوڤووە، دێتە واتەی ئەوەی لە سەر ئەم بابەتە لە گەل لایەنە پەیوەندیدارەکان واتە یەکێتی ئوروپا، ئەمریکا و هتد پێشوەختە ڕێککەوتن کراووە . بێجگە لەمە، بەرپرسانی سیاسی کوسوڤو لە سەر کومەلێك بابەتی دیکەش لە گەل لایەنی پەیوەندیدار ڕێککەوتون لە سەر ئەوەی بەلێنی یان داوە نەبنە هەرەشە لە سەر دەوڵەتانی جیران، دژایەتی و هاوکاری لە بواری تیرور شێوەکانی قاچاخچیتی ڕێکخراو، هاوکاری لە گەل دامەزراوە ئابوری و مالی جیهانی دا بکات.

## 3.3. دادگای نێودەوڵەتی و کومیسیونی بادینتەری یەکێتی ئوروپا

بریاری یەکلانەی سەربەخوی پارلەمانی کوسوڤو لە بەرواری 17 شوباتی 2008 Kosova Declaration Of ) Independence (2008).[81] بووە هوی هەلوێستوەرگرتنی حکومەتی بلگراد، و دژایەتی کرد و هەروەها ئاراستەکردنی کێشەکە بو بەردەم دادگای نێو دەوڵەتی لە پێناو تاقیکردنی مافی " سەروەری" دەوڵەتی سربیا و پێشەلکردنی مافێکی وەها لە لایەن هەرێمی کوسوڤووە. بە گوێرەی روژنامەی گاردیانی بریتانیا بەرواری 22 تەمموزی 2010، سەرۆك وەزیرانی سربیا Vuk Jeremic ئاماژەی بە هەلوێستی دەولە تەکەی داوە، کە سربیا گورانکاری لە سەر هەلوێستی خوی ناکات بەلام خەباتکردن لە پێناو ماڤە لێستێندراوەکەیان دور و درێژ دەبێت Kosovo's independence is legal, UN court rules (2010) ).[82] هاوکات کومیسیونی بادینتەر Robert Badinter لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی یەکێتی ئوروپا لە 27 ئابی 1991 دەستنیشانکراوە بو ڕاوێژکردن سەبارەت بە کونفرانسی یوگوسلاڤیا، کە تایبەتمەند بو بو چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخوی یوگوسلاڤیا بە تایبەتی سنورەکانی ناوخوی ئەم وڵاتە.[83]سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی سنورەکانی ناوخوی یوگوسلاڤی یا ئەم کو میسیونە توانی رولێکی بەرچاوی هەبێت لە یەکلای کردنەوەی کێشەی سنوری ناوبەینی دەوڵەت و هەرێمە جیاوازەکانی یوگوسلاڤیا، و ناشاردرێتەوە سەبارەت بە هەندێك کێشەش بریارەکانی مورکی سیاسی یان پێوە دیار بو، بو ئەوەی ئاسایش و سەقامگیری بگەرێتەوە بو ناوچەکە و ئوروپا . هەروەها لە چارەسەرکردنی کێشەی سنور لە ناو بەینی دەولەت و هەرێمەکانی فدراسیونی یوگوسلاڤیا کومیسیونی بادینتەر ڕەچاوی بنەمایاسای یەکانی یاسای فدراسیونی یوگوسلاڤی کردوتەوە the second and fourth paragraphs of Article 5 of the Constitution of the SFRY، بە تایبەتی یاسایی ئاماژەپێکراو کە ناوەروکی برگەکانی لە خوارەوە ئاماژە پێکراون.[84]

---

[81] Kosova Declaration Of Indipendence.(2008) http://www.assembly-kosova.org/?cid=2,128,1635

[82] Kosovo's independence is legal, UN court rules(2010) .( http://www.theguardian.com/world/2010/jul/22/kosovo-independence-un-ruling

[83] The Arbitration Commission of the Conference on Yugoslavia

[84] Article 5 stipulates:
(1) The territory of the SFRY is indivisible and consists of the territories of its socialist republics.
(2) A republic's territory cannot be altered without the consent of that republic, and the territory of an autonomous province — without the consent of that autonomous province.
(3) A border of the SFRY cannot be altered without the concurrence of all republics and autonomous provinces.
(4) A border between republics can only be altered on the basis of their agreement, and in the case of a border of an autonomous province — on the basis of its concurrence

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دادگای نێودەوڵەتی، بە گوێرەی سەرۆكی دادگای ناوبراو لە روژنامەی گاردیانی بریتانیا بەرواری 22 تەمموزی 2010، Hisashi Owada ئاماژە بە یاسایی نێودەوڵەتی لە بارەی سەربەخوی كوسوڤو دەكات كە " هیچ رێگرتنێك یان ممنوعی یەتێك لە بریاری راگەیاندنی سەربەخوی" دا بەدی ناكرێت بە گوێرەی یاسایی نێودەوڵەتی." لە لایەكی دیكەوە جێگری سەرۆكی ئەمریكا جو بایدن بەر لە بریاری دادگا ئاماژەی بەوە كردبو ئەمریكا پاشكەزە لە بریاری دانپێنان بە سەربەخوی كوسوڤو نابێت . ئەمە لە كاتێك دایە بەر لە ئیدارەی ئوباما، بە گو ێرەی شێكردنەوەیەك روژنامەی ئیندێپێندنێتی بریتانی لە 19 شوباتی 2000 لایەن Paul Vallely تایبەت بە سیاسەتی جیهانی و بەرژەوەندی دەوڵەتان سەبارەت بە دان پێ نەنان بە كوسوڤو، ئاماژە بە بریاری سیاسی ئیدارەی سەرۆك جورج بوش دەكات لە بارەی سەربەخوی كوسوڤو و هەروەهاش ئاماژەكانی جو بایدن وەكو تاكیدكردنێك دێت لە سەر هەلوێست و بریاری نەگوری ئەمریكا وەكو دەولەت لەم بوارەوە . هاوكات ئەو وڵاتە زلهێزە ئەوروپی یانەی كە لە پال هەولوێستی ئەمریكان سەبارەت بەم بابەتە ئاماژە بە بریتانیا، فرانسا، ئەلمانیا و هەروەها ژاپونیش كراوە . رایەكی دیكەی كومەلگای نێو دەوڵەتی هەیە كە ئاماژە بەوە دەكات بریاری سەربەخوی كوسوڤو دەبێت لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە پەسەندبكرێت لە پێناو رێگەخوشكردن بو زەمینەیەكی یاسایی نێودەوڵەتی بو ئەوان كە دان بە سەربەخوی كوسوڤو دا بنێن . سەبارەت بەم بابەتەوە وەزیری دەرەوەی ئیرلەندا Dermot Ahern ئاماژە بەوە دەكات، " هەلسوكەوتەكانی سربیا"( ئاماژە بە پاكتاوی رەگەزی و كوشتنی هەزاران هاولاتی سڤیل) هوكاری سەرەكی سەربەخوی كوسوڤو ولەدەستدانی ئەو خاكە لە لایەن سربیاتەوە پێناسەدەكات , هاوكات وەزیری دەرەوەی سپانیا Miguel Angel Moratinos كە هەر سەبارەت بەم بابەتەوە پشتگیری دەوڵەتی سربیلانكاشی لە پشتەوەیەتی ، سەبارەت بە دژایەتی بریاری دەولەتی خویەوە ئاما ژە بە نەبونی رێزگرتن لە یاسایی نێو دەوڵەتی دەكات، "ئێمە دان بە سەربەخوی كوسوڤو دا نانێن، چونكە رێزی لە یاسایی نێودەوڵەتی نەگرتوتەوە" (Vallely, P., 2000).[85]

ئەمە لە كاتێكدایە بریاری دادگای نێودەوڵەتی لە بەر دەستە سەبارەت بە دانپێنان بە سەربەخوی كوسوڤو . بەلام، لێرە گرینگە ئاماژە بە بونی سێ ( 3 ) چەمكی گرینگ و بناخەی لە سیاسەتی جیهانی بكرێت، كە ئەوانیش بریتین لە " سەروەری، ئانارشی و بەرژەوەندی نەتەوەی ". هەر سەبارەت بە بابەتی سەرەوە، لە روی یاسایی نێودەوڵەتی یەوە، پرسی سەربەخوی و جیابونەوە وەكو " تێزی دژی پرینسیپی سەروەری خاك " پێناسەدەكرێت . لە كاتێك زوربەی جیابوەنەوەكان و داخوازی سەربەخوی بنەمایەكی كەمەنەتەوایەتی یان هەیە، ئەمەش وەكو مەترسی و تەهدیدێك بو سەر بەر دەوامی ژیانەوە و مانەوەی دەوڵەتان، لە لایەن كومەلگای نێودەوڵەتی یەوە بابەتێكە كە " رەتكراوە "، و جیابونەوە تەنیا بە رەزامەندی دەوڵەتی دایك رێگەپێدراوە (Musgrave, T.D., 1997:118 ).[86] ئەم چەمكانە دیاركەری چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتین كە پەیوەندیدارن بە پرسی سەروەری دەوڵەتەكان، و خاوەن پێگە و گرینگی بەهێزن. هوكارەكانیش بو ئەوە دەگەرێنەوە كە دەوڵەتانەوە لە زورێك لە كێشەكان مساومە لە سەریان ناكەن بە تایبەتی هەر جورە نەرمی یەك لەم بوارەوە دێتە واتەی لە دەست دانی بەرژەوەندی

---

[85] Vallely، P., (2000) The Big Question: Why are so many countries opposed to Kosovo gaining its independence? http://www.independent.co.uk/news/world/europe/the-big-question-why-are-so-many-countries-opposed-to-kosovo-gaining-its-independence-783977.html .19 Feb .2000.

[86] Musgrave, T.D., (1997). Self-determination and national minorities. Oxford University Press. P. 118.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەتەوەی، بە تایبەتی یەکگرتووی خاك و لە دەستدانی دەسەڵاتداری وسەروەری نەتەوەی (Orakhelashivli, 2008): 5 ).[87] سەبارەت بە هەلوێستی سپانیاش گرینگە ئاماژە بە کێشەی هاوتەریب لە گەل سربیا بکرێت کە کێشەی هەرێمەکانی "کەتەلونیا و باسك " سالانێکە سپانیای توشی شەری ناوخو و تیرور و نەهامەت کردوتەوە . بویە، هەر جورە دانپێنانێك لە لایەن سپانیا، هندستان، چین، و دەولەتانەی هاوشێوە کە خاوەن کێشەی کەمە نەتەوەین، دەبێتە هوی هوی بەرپەرچدانەوەی سیاسی سربیا لە دژی ئەو دەولەتانە. بویە سپانیا لەم بوارەش رەچاوی هەلوێستە نەخوازراوەکانی سربیا سەبارەت بە کێشەی سەربەخوی کوسوڤو. ئەمە بو دەوڵەتێکی وەکو قوبرسی یونانیش جێگیرە. بویە رەچاو کراوە سربیا لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتی هەمو هەولەکانی خوی بیخاتە گەر بو ئەوەی رێگری بکات لە دانپێنانی دەوڵەتان ل کوسوڤو. بە گوێرەی Matt Rosenberg پسپوری جوخرافی یا هەتا ناوەراستی سالی 2009 لە کۆی گشتی 27 ولاتی ئەندامی یەکێتی ئوروپا 22 دانەیان بە فەرمی دانی یان بە سەربەخوی کوسوڤو ناوە (Rosenberg, M.,2008).[88] بەلام، دوای 7 سال دوژمنایەتی لە ناو بەینی سربیا و کوسوڤو، بە هوی خواستەکانی سربیا سەبارەت بە ئەندامێتی لە یەکێتی ئوروپا و لەم بوارەش کورسی ئەندامێتی بو خوی مسوگەر بکاتەوە، لە هەلسوکەوتێکی چاوەروانەکراو، دەستی بە دانوستاندی ئابوری و بازرگانی لە گەل کوسوڤوی کرد. بەم هویەش لە یەکەم پێنگاو رێککەوتننامەی " توری پەیوەندی تەلەفون و رێککەوتنی وزە، energy and telecoms" لە بەروای 23 ئابی 2015 ڤاژوکرد . بە گوێرەی راگەیاندراوێك وەزیری دەرەوەی یەکێتی ئوروپا Mogherini ئاماژە بە دەستکەوتێکی گەورە لە بارەی ئاسای کردنی بارودوخی کوسوڤو و سربیا یە(After 7 years of independence, Kosovo will get telephone code).[89]

بویە دەکرێت ئاماژە بەم راستی یە بێتە کردن ،بە خستنە ناوی بابەتی " سەروەری " رێگری لە جێبەجێکردنی یاساکان و بریارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن لەم بوارەوە، بەلام پرسی دانپێنان بە سەربەخوی نەتەوەکان زورتر بوعدێکی سیاسی هەیە هەتا یاسایی و ئەمە دانوستاندنە سیاسی یەکانن کە رێکخوشکەر دەبن بو دروستکردنی چوارچێوەیەکی پراکتیکی یاسایی نێودەوڵەتی و لێرەش پەیماننامە و بەلاخەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە پرسی سەربەخوی نەتەوەکان . بو نمونە لە پرسی جیابونەوەی بەنگلادش لە پاکستان و جیابونەوەی بیفا لە نایجێریا، دو روی یەك دراون، کە یەکەمیان لە رێگای سیاسی یەوە توانی سەربەخوی خوی مسوگەر بکات، بەلام دوهەمی یان نەیتوانی لە سەرئاستی جیهان مسوگەری دانپێنان بکات و لە روی سیاسی شەوە لە گەل حکومەتی نیجیریا نەگەیشتە چارەسەری و لە دوای دیسانەوە بو بە بەشێك لە نایجیریا . سەبارەت بە پرسی سەربەخوی کوسوڤو ناکرێت ر ولی " Kosovo Troika "کە پێکهاتبون لە روسیا، ئوروپا و ئەمریکا نادیدە بگرێت بە تایبەتی لە روی سیاسی یەوە بابەتەکان رێگە چارەسەری یان بو دوزرایەوە و رێکەوتن لە سەری کرا ( Kosovo Troika Press Communiqué: The Baden Conference, Nov. 28, 2007).[90] بە پێی دیتن و بوچونی Sir Hersh Lauterpacht پرسی "

[87] Orakhelashivli, A.,(2008). Statehood, recogniton and the united Nations System: A unilateral Declaration of Indepdence in Kosovo. Max Planck UNYB 12 (2008). P. 5

[88] Rosenberg, M., (2008) Kosovo Independence (2008) . http://geography.about.com/od/specificplacesofinterest/a/kosovoindependence.htm 17 .Feb.2008 .

[89] After 7 years of independence, Kosovo will get telephone code (2015). [Online] http://www.euractiv.com/sections/enlargement/after-7-years-independence-kosovo-will-get-telephone-code-31707126 . Aug 2015.

[90] Kosovo Troika Press Communiqué: The Baden Conference .[Online] http://2001-2009.state.gov/p/eur/rls/or/95787.htm Nov. 28, 2007

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یاسای" بونی سەربەخوی کوسوڤو لە ڕەونگەی یاسا نێودەوڵەتی پەیوەستە بە دانپێنان و ڕەزامەندی ئەو دەوڵەتەی کە کوسوڤو لێ جیادەبێتەوە، بویە، داخوازی کوسوڤو بو سەربەخوی بابەتێکە کە لە دەرەوەی یاسای " کولونیالیزم " بویە مافی کوسوڤو بو سەربەخوی ڕەتدەکاتەوە و بو ئەم بابەتەش پرسەکە کراوە بە سیاسی . واتە لە ڕێگای سیاسی یەوە لە دەروەی چوارچێوەی یاسایی چارەسەرکراوە ودوای میکانیزمێکی یاسایی بوی پەیداکراوە . بویە، [91] Musgrave ئاماژە بەو ڕاستی یە دەکات، پرسی سەربەخوی یان جیابونەوە، زورتر پرسێکی سیاسی یانیش هەلسوکەوتێکی سیاسی یە هەتا یاسایی، چونکە جیابونەوە لە ڕوی یاسایی یەوە هەندێك ئامرازی بوی دانراون، ئەگەر لە ڕێگای سیاسی یەوە تەوافوق لە سەر نەکرێت، بابەتە یاسایی یەکە کە دانپێنانە چارەسەرناکرێت. واتە هاتنە ئارای دەوڵەتە تازەکان و ئەمەش دەرهاوێشتی و دەرئەنجامی نوێ بو یاسا نێودەوڵەتی یەکان دروست دەکات . ئەمەش ئاماژەیەك بو ئەم ڕاستی یە، کە لە پرسی جیابونەوە و سەربەخوی، کومەلگای نێودەولەتی ئەمەیان وەکو کێێشەیەکی ناوخوی دەوڵەتان دەزانێت و لە ڕوی یاسای یەوە " لە ڕوی یاسایی نێودەولەتی یەو ە هەلسوکەوتێکی بێ لایانە " بابەتێکی بێ لایەنە (Orakhelashivli, 2008:12 ).[92] ئەمەش لە بەر ئەوەیە، کە بابەتی جیابونەوە کاریگەری نەکات لە سەر پەیەوەندی دەوڵەتی سەرەکی لە گەل دەولەتێکی سێیەم، بویە ڕەچاو دەکرێت، دەوڵەت لە گەل لایەنەی جیابو، پێکەوە کێشەکانی خویان چارەسەربکەن، بەر لەوەی بگاتە ناوەندە نێودەوەلەتی.

لە لایەکی دیکەوە، پشتگیری و پەسەند کردنی سەربەخوی کوسوڤو بە تایبەتی بابەتی یاسای یەکەی بە گوێرەی دیتنی Crawford لە Orakhelashivli .A نابێت تەنیا پشت بە فاکتەرە هەنوکی یەکان بێتە بەستن وەکو بنەما بو دانپێنان و سەربەخوی، بەلکو فاکتەرە هەنوکی یەکان بەشێکن کە لە معاهدە Motevideo کە ئاماژە بە " خاك و سنور، خەلك، حکومەت، و توانای هەبونی دروستکردنی پەیوەندی لە گە دەوڵەتانی دیکە بە شێوەیەکی گشتی" دەبێت وەکو بابەتێکی یاسایی نێودەوڵەتی وەکو بنەما لە قەلەم بدرێت (Orakhelashivli, 2008:8 ).[93] لە بەردەوامی بابەتەکە و پەیوەندیدار بە " سەربە خوی" یەکێکی دیکە لە معیارەکان بریتی یە لە " القدرة على تنفيذ الوظائف " وەکو ئامرازێك یانیش کومەلێك لە ئامرازەکان بو ئەوەی " دەسەڵاتداری دولەت" بە سەر سنوری دەسەڵاتداری بسەپێنێت . لەم ڕەوانگەیەش ئەوە دەردەکەوێت کوسوڤو بە هوی ئەوەی خاوەن پارلەمان و حکومەتە، ئەوەی لە توانا دا هەیە کونترولی کەش و هەوای ناوخوی وڵات و سنورەکانی خو ی بکات و دەسەڵاتی خوی بسەپێنێت.

ئەگەر لێرە دەرفەت بدرێت پرسیگشتپرسی هەرێمی کوردستان - عێراق لە بەرواری 2017/9/25 بخرێتە چوارچێوەی کەوانێك و بەراوردێك لە گەل هەرێمی کوسوڤوی کوماری سربیا بکرێت و هەلسوکەوتی دژ و نەگاتیڤی کومەلگای نێودەوڵەتی بەرامبەر بە هەرێم ی کوردستان، ئەگەر جێگای ڕەخنەش بێت، بەلام ئاماژە بە نەبونی یەکسانی لە جێبەجێکردنی یاساکان و معاهداتی نێودەوڵەتی دەکات. ئەمە سەرەرای بەشداری چالاکی هەرێمی کوردستان لە شەری دژی داعش و هەروەها بەرچاورونی هەبونی مێژوی پر نەهامەتی گەلی کورد لە سنوری دەوڵەتی عێراق کە توشی ڕاوگێزرانی زورەملی، تەعریب و جینوساید بوتەوە،

---

[91] Musgrave, T.D., (1997) Self-determination and national minorities. Oxford University Press. P. 118.

[92] Orakhelashivli, A.,(2008). Statehood, recogniton and the united Nations System: A unilateral Declaration of Indepdence in Kosovo. Max Planck UNYB 12 (2008). P. 12

[93] Orakhelashivli, A.,(2008). Statehood, recogniton and the united Nations System: A unilateral Declaration of Indepdence in Kosovo. Max Planck UNYB 12 (2008). P. .8

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دژایەتی خویان نەك تەنیا بو رێکخستنی گشتپرس بەلکوش بو جیابونەوە هەرێمی کوردستانی یان نیشان دا بە تایبەتی دەوڵەتانی وەکو ئەمریکا، بریتانیا، فرانسا، ئەلمانیا و جیرانەکان وەکو تورکیا و ئێران. لێرەدا دەتوانین جیاوازی سروشتتی ژینگەی سیاسی کوسوڤو و هەرێمی کوردستان بێتە بەرچاو بە تایبەتی کە کوسوڤوی یەکان لەئەو کاتە دەستی یان بردە " پرسی سەربەخوی " کە لە ژێر چەتری بریاری نەتەوەی یەککگرتووەکان بەرێوە دەچو، کە هاوکات یەکێتی ئوروپاش لەم رویەوە یارمەتیدەر بو، و هەروەها بە هوی جیاوازی سیاسی و کێبەرکێ ناو بەینی روسیا و ئەمریك ا/ئوروپا سەبارەت بە پرسی سربیا و کوسوڤو، ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پشتگیری یەکی بەرچاوی کوسوڤویان کرد لەم بوارەوە. واتە، کوسوڤو لە رویەکەوە دەتوانین ئاماژە بەم راستی یە بکەین کە " زەمانەت یانیش گەرەنتی یەکی نێودەوڵەتی" دابینکردبو بەلام بە پێچەوانەوە لە پرسی هەرێمی کوردستان بە گوێرەی پێشنیارەکانی وڵاتانی ئاماژە پێکراو، دژایەتی هەر هەلسوکەوتێکی هەرێمی یان دەکرد لەم رویەوە .(Anderson & Stansfield 2010, p.231)

## 4. دەرئەنجام

ئەم توژینەوە ئاماژە بەوە دەکات کە کوسوڤو کاتێك لە لایەن کومەلگای نێودەوڵەتی یەوە دانی پێنرا لە رەوانگەی یاسایی نێودەوڵەتی یەوە هیچ کێشەیەکی سنوری نەبو،چونکە سنورەکانی کوسوڤو (سنوری ئیداری ) لە روی دەستوری یەوە لە دەستورەکانی دەولەتی یوگوسلاڤیایی فیدراڵەوە دارێژرابون و دانپێنرابو. ئەمەش لە رەوانگەی یاسایی نێودەوڵەتی یەوە تاکید کردنە لە سەر ئەوەی کە لە کاتی دارشتنی سنور، ئەگەر ناکوکی لە سەر سنور نەبێت لە لایەن هیچ یەك لە لایەکان، ئەوا سنوری ئیداری دێتە گواستن بو سنوری نێودەوڵەتی، کە ئەمەش رێك هەمان هەلسوکەوتە . لە هەمان کاتیش بە پێی رێککەوتننامەی مونتێڤیدو سەبارەت بە ماف و بەرپرسیارتەی دەولەتەکان سالی 1933، کوسوڤو لە کاتی راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخو وەکو پێداویستی یەکی " ئیستقلال statehood" یەکەم، خاوەن نفوسی خوی بو، دویەم، خاوەن سنوری دیارکراو بو، سێیەم، خاوەن حکومەت بو، چوارەم، توانای دروستکردنی پەیوەندی لە گەل دەولەتانی جیهان بو . لە روی یاسایی نێودەولەتی یەوە جور و شێواز وپ پێکهاتەی نفوس گرینگ نییە، بەلکو گرینگە لە ناو سنوری دەسەڵاتداری دەوڵەتدا خەلکانێك هەبن کە بژین و رێژەکەشی گرینگ نییە.

دەرئەنجامی شرۆڤە ئەوە مان بو رون دەکاتەوە سەرەرای بونی دانپێنانی بەشێك لە کومەڵگای نێونەتەوەی بە کوسوڤو وەکو دەوڵەتێکی سەربەخو کە بریارەکانی دادگای نێودەوڵەتی و کومیسیونی بادینتەری یەکێتی ئوروپا کاریگەری گەورەی کردوتە لە سەر دوزینەوەی رێگەیەکی شەرعی و یاسا یی، بەلام لە لایەکی دیکەوە دەتوانین بلێن بە هوی ئەوەی کە دەوڵەتی دایك، کە سربیایە و بە هوی یاسا و بنەماکانی یاسایی نێودەوڵەتی دانی بە سەربەخوی کوڤوی نەنانەوە، لە نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەتا ئێستا کورسی نیونەرایەتی کوسوڤو دەستەبەر نەکراوە، دەتوانین بە راشکاو انە ئاماژە بە "دەوڵەتی نیمچە سەربەخو " بە دو شێوە، یەکەم، دەوڵەتێك کە لە لایەن کومەلگای نێودەوڵەتی یەوە دانی پێنراوە، بەلام لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتی دایکەوە دانی پێنەنراوە، دویەم، راستە دادگای نێودەوڵەتی دانی بە شەرعی یەت بو نی راگەیاندنی

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەربەخوی کوسوڤوی ناوە، بەلام دەوڵەتی دایك بە پێی یاسا و بنەماکانی نێودەوڵەتی ئاماژە بە دەسدرێژیکردن لە سەر کەسایەتی یاسایی خوی دەکات بە گوێرەی یاسایی نێودەوڵەتی. بویە، دەتوانێت ئاماژە بەمە بکرێت هەتا ئەوکاتەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی نەتو انێت لە سەر سەربەخوی کوسوڤو رێك بکەوێت، ئەو کوسوڤو دەوڵەتێکی " نیمچە سەربەخویە " خاوەن سەروەری یە ( Krylov, A.، 2012).[94]

ئەوەی ئەم توژینەوەیە دەیخاتە رو ئاماژە بە پرسێکی گرینگ دەکات لە یاسایی نێودەوڵەتی و هەروەها لە روی سیاسی یەوە، ئەویش لە روی تیوری یەوە و بە پێی بەلگەنامە نێودەوڵەتی یەکان، کە دەوڵەتەکان لە سەری رێککەوتن، بە تایبەتیش بەلگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە روی پرینسیپی یەوە دەوڵەتان پشتگیری و ئیلتیزامی خویان پێوە نیشان داوە . بەلام، لە روی عورفی سیاسی و یاسایی یەوە واتە جێبەجێکردنی پرینسیپەکان بە جێگیرکردنی پرینسیپی " سەروەری دەوڵەت " و " یەکگرتنی سنور"ی دەوڵەت، دەوڵەتان مافە یاسایی یەکانی خویان لە سەروی مافەرەو اکانی کەمەنەتەوەکانی مافدارکراوی بێ مافکراو دەبینن. بویە دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە هەردو پرینسیپی " سەروەری دەوڵەت " و " یەکگرتنی سنور "ی دەوڵەت رێگری جدین لە پرسی مافداری کەمەنەتەوەکان، و ئەمەش تێشك دەخاتە سەر راستی یەك، کە پرسی سەربەخوی بو نمونە کوسوڤو، باشوری سودان و تیموری روژهەلات زورتر لە روی سیاسی یەوە رێککەوتن کراوە هەتا ئەوەی کە پشت بە پیرینسیپەکانی یاسایی نێودەولەتی بێتە بەستن . بویە، دەکرێت تەرکیز لە سەر ئەم بابەتە بێتە کردن کە رێککەوتنی سیاسی رێگەخوشکەرە بو جێبەجێکردنی یاسایی نێودەوڵەتی و بە پێچەوانەش یاسا نێودەوڵەتی یەکان رێگرن لە تەنازولکردنی دەوڵەتان لە مافداری خویان.

ێەکە لەو هوکارەکانی دیکەی کە رێگە خوشکەر بو سەربەخوی کوسوڤو پرسی کێبەرکێ ئەمریکا و روسیا بو لە سەر ئەوەی هەژەمونی خویان لە ئوروپا بەهێزتر بکەن، هەروەها پرسی " سەپاندن و سەقامگیر ی ئاسایشی هەرێمایەتی " کە بو دەوڵەتە ئوروپای یەکان زور گرینگ بو کە رێککەوتنێك لەم جورە بێتە کردن، بویە لە رێگای دروستکردنی کومیسیونی بادینتەر، ئوروپا توانی کە رێچگەی چارەسەرکردنی پرسی کوسوڤو لە بەرژەوەندی خوی و دروستکردنی سەقامگیری هەرێمایەتی جێگیر بیکات، ئە ئەویش بە پشتبەستن بە بریاری و رێنمای یەکانی دادگای نێودەوڵەت و هەروەها راسپاردەکانی کومیسیونی سەر بە یەکێتی ئوروپا بە ناوی بادینتەر بریاری سەربەخوی کوسوڤو دژی بنەماکانی یاسایی نێودەوڵەتی نەهاتوتە هەژماردن . بویە دەکرێت ئاماژە بەمە بێتە کردن کە ئەم پراکتیەش چەمکی یاسایی" سەروەری دەوڵەت " لە یاسایی نێودەوڵەتی دا دەخاتە ژێر پرسی یاسایی و تیوری یەوە، کە هاوکێشەی کوسوڤو پرسی گشتپرسی سەربەخوی کوردستان لە 2017/9/25 لە لایەن گەلی کوردستانەوە پەسەند کرا، بەلام کومەلگای نێودەوڵەتی و زلهێزەکان دژی ئەم خواستەی گەلی کورد هەلوێستەیان دەربری . بویە، گشتپرسی هەرێمی کوردستان سەرەرای ئەوەی لە چوارچێوەی هەمو یاسا و رێککەوتننامەکانی نێودەوڵەتی دا رێکخراوە، بەلام نەبونی پشتگیری سیاسی لە پرسی سەربەخوی، ئاماژە بەوە دەکات، کە پرسە یاسای یەکان لە ژێر کاریگەری پرسە سیاسی یەکان دا دەچوسێندرێن لە سەر ئاستی سیاسەتی جیهانی.

---

94 Krylov, A., (2012) Non-Recognized States: “Internal Legitimacy” is Importan. *The Analyticon* [Online]thttp://theanalyticon.com/?p=1500&lang=en. [ Accessed Nov. 20, 2017].

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرچاوەکان

1. ئاکرەیی، محەممەد سالح (2007)، کورد و دەوڵەتی سەربەخۆ، بە پێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان. دەزگای توێژینەوە و بلاکراوەی موکریانی، هەولێر- هەرێمی کوردستان.[1]

1. After 7 years of independence, Kosovo will get telephone code .(2015) [Online] http://www.euractiv.com/sections/enlargement/after-7-years-independence-kosovo-will-get-telephone-code-317071. 26 Aug 2015.
2. Anderson, L., Stansfield, G.,(2010), “Avoiding Ethnic Conflict in Iraq: Some Lessons from the Åland Islands.” Ethnopolitics 9:2, pp.219-238
3. Arbour, L., (2010) Self-Determination and Conflict Resolution: From Kosovo to Sudan. http://www.crisisgroup.org/en/publication-type/speeches/2010/Louise-Arbour-self-determination-and-conflict-resolution-from-kosovo-to-sudan.aspx. 22 Sep 2010.
4. Background Information, The Atlantic Charter August 14, 1941. www.atlanticcharter.ca/backgroundinfo.php.
5. Buchanan, A., (1991) Secession: The Morality of Political Divorce From Fort Sumter to Lithuania and Quebec, West View Press, 1991.
6. Buchanan, A., (2007) Secession, Stanford Encyclopedia of Philosophy, 2007.
7. Buchanan, J. (1860) Fourth Annual Message to Congress on the State of the Union. http://www.presidency.ucsb.edu/ws/?pid=29501. December 3, 1860
8. Cold War History [ Online] http://www.history.com/topics/cold-war/cold-war-history. [ Accessed, Nov. 10, 2017].
9. Crawford, J. R. (2006). The Creation of States in International Law. Oxford University Press.
10. Declaration on the Granting of Independence to Colonial Countries and Peoples.[Online] http://www.un.org/en/decolonization/declaration.shtml. [ Accessed Nov. 15, 2017]
11. Department of State document, Kosovo`s final status: A key to stability and prosperity in the Balkans. http://2001-2009.state.gov/r/pa/scp/2008/99611.htm. January 23, 2008.
12. Dugard, J. & Raic, D., (2000) Statehood and the Law of Self-determination. pp. 98-99.- p. 427.
13. Fierstein, D., ( 2008). Kosovo`s declaration of indepdence: an incident analysis of legality policy and future implications. Boston University International Law journal, Vol. 26, No. 417.
14. Garant. P., (2010) Limitations on the right to secede The advisory opinion of the International Court of Justice on Kosovo and the stability of federations. The Federal Idea, November 2010. http://www.ideefederale.ca/wp/wp-content/uploads/2010/12/kosovo-eng-15nov.pdf.
15. Huntington, Samuel P. (1996). The clash of civilizations and the remaking of world order. Simon & Schuster. p. 260.
16. International Covenant on Economic, Social and Cultural Rights ،Adopted and opened for signature, ratification and accession by General Assembly resolution 2200A (XXI) of 16 December 1966, entry into force 3 January 1976, in accordance with article 27[Online] http://www.ohchr.org/EN/ProfessionalInterest/Pages/CESCR.aspx. [ Accessed Augu 25, 2016].

17. Joseph, E.P.,(2013) Kosovos Independence and Secessionist Movements: Dire Consequences or Bengin Impact? Jhns Hopkins Scholl of Advanced International Studies. 12 March 2013.
18. Kosova Declaration Of Indipendence (2008).http://www.assembly-kosova.org/?cid=2,128,1635
19. Kosovo Troika Press Communiqué: The Baden Conference. [Online] http://2001-2009.state.gov/p/eur/rls/or/95787.htm Nov. 28, 2007
20. Kosovo's independence is legal, UN court rules ). (2010) http://www.theguardian.com/world/2010/jul/22/kosovo-independence-un-ruling
21. Krylov, A., (2012) Non-Recognized States: “Internal Legitimacy” is Importan. The Analyticon [Online]thttp://theanalyticon.com/?p=1500&lang=en. [ Accessed Nov. 20, 2017].
22. Kymlicka, W., (1998) Liberalism, Community, and Culture (Oxford University Press, New York, 1989), see also Kymlicka, W., (1995) Multicultural Citizenship (Oxford University Press, New York, 1995
23. Leicester Ford, P., (1905). The Works of Thomas Jefferson Volume 11. The Knickerbocker press. NY & London. P.538, seee also, Thomas Jefferson to William H. Crawford, 20 June 1816 [Online] https://founders.archives.gov/documents/Jefferson/03-10-02-0101
24. Letter dated 10 November 2005 from the President of the Security Council addressed to the Secretary-General, UN Doc S/2005/709, 10 November 2005, Annex.
25. M. Gallucci, G., .(2015) Leaving Serbia and Kosovo to settle things themselves? http://www.transconflict.com/2015/05/leaving-serbia-and-kosovo-to-settle-things-themselves-185/.18 MAY 2015
26. Musgrave, T.D., (1997) Self-determination and national minorities. Oxford University Press.
27. N. Rothbard, M.,(1994) Nations By Consent: Decomposing The Nation-State. Journal Of Libertarian Studies 11:l. Fall 19841: 1-10. l994 Center For Libertarian Studies
28. Orakhelashivli, A.,(2008) Statehood, recogniton and the united Nations System: A unilateral Declaration of Indepdence in Kosovo. Max Planck UNYB 12 (2008).
29. Pavkovic A., (2003) Secession, Majority Rule and Equal Rights: a Few Questions, Macquarie University Law Journal, 2003.
30. Protecting Legitimate Expectations, Self Defense, Protecting Majority Role, Minimization of Strategic bargaining, Soft Paternalism, Threat of Anarchy, Preventing Wrongful Taking, Distributive Justive
31. Public International Law (2008) An Introduction To Public International Law For Studens; [Online] https://ruwanthikagunaratne.wordpress.com/2013/06/02/kosovo-declaration-of-independence/
32. Resolution 1244 directed UNMIK (https://documents-dds-ny.un.org/doc/UNDOC/GEN/N99/172/89/PDF/N9917289.pdf?OpenElement )
33. Reynolds, P., (2008) Lega Furore over Kosovo`s recognition, BBC News, Feb. 16, 2008, http://news.bbc.co.uk/2/hi/europe/7244538.stm
34. Rosenberg, M., (2008) Kosovo Independence. (2008) http://geography.about.com/od/specificplacesofinterest/a/kosovoindependence.htm. 17 Feb. 2008.
35. Stavrianos, L.S., (2000) The Balkans Since 1453. C.Hurst & Co. Publisher Ltd. London, UK.

36. The Covenant of the League of Nations.[ Online] http://avalon.law.yale.edu/20th_century/leagcov.asp. [Accessed Oct., 10, 2017].
37. The Helsinki Agreement And Human Rights.[Online] http://chnm.gmu.edu/1989/items/show/245.[ Accessed Sep. 10, 2017].
38. United Nations Declaration on the Rights of Indigenous Peoples [Online] http://www.un.org/esa/socdev/unpfii/documents/DRIPS_en.pdf [ Accessed augu. 26, 2016].
39. Universal Declaration of Human Rights [Online] http://www.un.org/en/udhrbook/pdf/udhr_booklet_en_web.pdf. [ Accessed augu. 25, 2016].
40. Vallely ،P., (2000) The Big Question: Why Are So Many Countries Opposed To Kosovo Gaining Its Independence? http://www.independent.co.uk/news/world/europe/the-big-question-why-are-so-many-countries-opposed-to-kosovo-gaining-its-independence-783977.html 19 Feb. 2000
41. W. McGee, R.(1994) Secession Reconsidered, the Journal of Libertarian Studies, Fall 1994.
42. What is EULEX? [Online] https://web.archive.org/web/20141223075446/http://www.eulex-kosovo.eu/en/info/whatisEulex.php. [Accessed Oct. 15, 2017].